# بۆریەکانی ئاشتی کوردستان

لە حاڵەتی کوردستاندا، دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە سەرچاوە سروشتیەکان شتێکی نوێیە. ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، سەرکردە سیاسییە هەڵبژێردراوەکان سەرچاوەکانی وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن و بەرپرسیارێتی ئەوە دەگرنەئەستۆ کە چۆن وێنا بکرێت و پەرەی پێبدرێت و جێبەجێ بکرێت.

کاتێک بەم بۆرییە تازانەدا نەوت و غاز دەنێردرێتە دەرەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان جارێ گرنگیەکی مێژوویی دەدات، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەم هەنگاوی هەرێمە بە ئاڕاستەی بازاڕی جیهانی کە کۆتایی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی بنیاتنانەوەی ئاشتیانەی دەوڵەت دەهێنێت.



خالید ساڵح

بە ناردنی نەوت و غاز لە بۆریەکانی کوردستانەوە بۆ سنوری تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕی جیهان، حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گرنگی دیکە دەبڕێت لە بەرەوپێشچوونی ئاشتیانە، ئەویش بە بەکارهێنانی وزە بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە و داهێنەرانە بۆ برەودان بە پەیوەندی هەرێمی، و هاندانی متمانە لە نێوان یاریزانە هەرێمیەکان لە ناوچەکەدا.

بۆ گوڵان نووسیویەتی *

**ڕەنگە لە ٢٠ یا ٣٠ ساڵی داهاتوودا مێژوونووسان و شرۆڤەوانان کردنەوەی بۆری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا وەک دەستپێشخەرییەکی ئاشتیانەی مەزنی سەرکردەکانی ئەو خەڵکانە لێکبدەنەوە کە دووچاری شەڕ و کاولکاری و کۆچی بە کۆمەڵ و جینۆساید بووبوون. ڕەنگە سەنتەرە ستراتیژیەکانی داهاتوو ناوی هەندێ لە بڕیارسازانی ئەمڕۆیان لێبنرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کەسانێکی نوێگەر و داهێنەر و بنیاتنەر و بوێربوونە. ڕەنگە توێژەران لە داهاتوودا ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوێت کە بۆریەکانی کوردستان سەرەتای سیستمێکی سیاسی نوێ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پایەکانی بریتی بوون لە رایەڵە ئابووریەکان و هاوکاری هەرێمی و دەستپێشخەری ئاشتیانە.**

کەسانێکی کەم باوەڕیان وابوو کە کۆمەڵەی خەڵوز و پۆڵایی ئەوروپایی، کە لە ساڵی ١٩٥١دا (کە بە پەیماننامەی پاریس ناسراوە) لە نێوان بەلجیکا، فەڕەنسا، ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئیتاڵیا و هۆڵەندا و لۆکسۆمبۆرگدا پێکهات، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ بەسەر بەشێکی کیشوەری ئەوروپادا بهێنێت. لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا وەك کیشوەرێکی سەرگەردان وێنای ئەوروپایان دەکرد، ئەویش بەهۆی هەردوو جەنگە جیهانیەکەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی خەڵوز و پۆڵایی ئەوروپی، ڕێگای بۆ دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا خۆشکرد. پێش ئیمزاکردنی پەیماننامەی لیسەبۆن(٢٠٠٧)، کە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپابوو، بە شێوەیەکی ڕەسمی یەکێتی ئەوروپای دامەزراند، وڵاتە ئەوروپیەکان وەك دەرئەنجامێك بۆ کۆمەڵەی خەڵوز و پۆڵای ئەوروپی نۆ پەیماننامەی دیکەیان ئیمزاکرد. وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی فەڕەنسا، ڕۆبەرت شۆمان، باوەڕی وابوو کە دروستکردنی ئەم رایەڵە ئابووریانە لە نێوان وڵاتە ئەوروپیەکاندا «نەك دەبنەهۆی ئەوەی بیر لە شەڕ نەکرێتەوە، بەڵکو لەڕووی ماددیەوە - شەڕ -دەکەنە شتێکی مەحاڵ». بیرۆکە بنەڕەتیەکە ئەوەبوو کە ئەم پەیوەندیانە دەبنەهۆی هاندانی ئاوێتەبوونێکی ئاشتیانەی هەرێمی. بەو شێوەیەش لە سەرچاوە سروشتیەکانیان روانی کە رۆڵێکی بنیاتنەر دەبینن لە دوورخستنەوەی ئەو وڵاتانەی پێشتر بە شەڕهاتبوون لەوەی ململانێیەکی توند لەگەڵ یەکدا بکەن و ئاڕاستەیان دەکات بەرەو هاوکاری و هەماهەنگی.

ئەوەی وڵاتە ئەوروپیەکان و ناوچەکانی دیکە فێری بوون لەم نموونەیەوە، ئەو سەرنجە بوو کە لەلایەن ئەکادیمی و دیپلۆماتکار و میانگیرەکانەوە دووپات کراوەتەوە: لە پێناوی ڕێگرتن لە شەڕ، پێویستە وڵات و کۆمەڵگەکان پەیوەندگەلێکی باش لە نێو خۆیاندا دابمەزرێنن. ئاڕاستەی کارکردنی ئەم پەیوەندیانەش بە شێوەیەکە وەك ئەوە وایە کە پێی دەڵێن بنیاتنانی پردی پەیوەندی. پەیوەندیە ئابووریەکانیش ئەرکێکی یەکلاکەرەوەیان بینی لە بنیاتنانی ئەو پردانەدا، کە پێویستیان بە رایەڵی بنیاتنەرانە و متمانە و یەکڕیزبوونی بەرژەوەندیەکانە.

شتێکی باوە کە سەرچاوە سروشتیەکان یان وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر و هێنانەئارای گەشەگردن لە وڵاتەدا سەیر دەکرێت، یان وەك سەرچاوەی ناسەقامگیری و ناکۆکی. زەحمەت نییە نموونە بهێنینەوە لەبارەی بەفیڕۆدانی سەرچاوە سروشتیەکان یان لەبارەی بوونیان بە هۆکاری هێنانەئارای دۆخێکی وێرانکار لەلایەن دەوڵەت یان ڕەفتاری دەستەبژێرەوە. هەرچۆنێك بێت، چەندەها توێژینەوەش هەن ئەوە دەخەنەڕوو کە سامانی سەرچاوەی سروشتی کاریگەری باشی لەسەر بەرەوپێشچوون دەبێت ئەگەر هاوشان بکرێتەوە بە وەبەرهێنان لە بواری برەودان بە لێهاتوویی و توانای تەکنەلۆجی، لەگەڵ ئەوەی پێی دەووترێت ماکرۆ-ئیکۆنۆمی لە دامەزراوەکان و بواری بەڕێوەبردندا.

لە حاڵەتی کوردستاندا، دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە سەرچاوە سروشتیەکان شتێکی نوێیە. ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، سەرکردە سیاسیە هەڵبژێردراوەکان سەرچاوەکانی وڵاتەکە بەڕێوەدەبن و بەرپرسیارێتی ئەوە دەگرنەئەستۆ کە چۆن وێنا بکرێت و پەرەی پێبدرێت و جێبەجێ بکرێت.

دەکرێت ئەو بۆریانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا دروستکراون وەك بۆری ئاشتی ناوزەد بکرێن، لەبەر ئەوەی دەبنەهۆی بەدەستهێنانی داهات بۆ وڵاتێکی



ماڵوێران بەدەست شەڕەوە (عێراق) و ئاوێتەبوونێکی هەرێمی دەخولقێنن (هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا)، ئەو دەرفەتی کارانە دەڕەخسێنێت کە سنوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبڕن، هەروەها ئاسایشی وزە دەستەبەردەکات (هەرێمی کوردستان، تورکیا و بازاڕی وزەی نێودەوڵەتی)، لەگەڵ دروستکردنی متمانە (هەرێمی کوردستان و تورکیا و عێراق) و چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکی سیاسیەکان(لە نێو خۆی تورکیادا).

کاتێك بەم بۆرییە تازانەدا نەوت و غاز دەنێردرێتە دەرەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان جاڕی گرنگیەکی مێژوویی دەدات، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەم هەنگاوی هەرێمە بە ئاڕاستەی بازاڕی جیهانی کە کۆتایی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی بنیاتنانەوەی ئاشتیانەی دەوڵەت دەهێنێت.

بۆ ئەوەی درك بە گرنگی ئەم هەنگاوەی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبێت جەخت لەسەر چەند قۆناغێکی گرنگ بکەینەوە. لە ساڵی **١٩٩٢**دا، پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنیاندا. دواتر لەو ساڵەدا، ئەنجومەنی تازە هەڵبژێردراوی کوردستان مەرسومێکی دەرکرد کە گوزارشتی لە ئیرادەی هەرێمی کوردستان کرد کە «خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات و پەیوەندی یاسایی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا دیاری دەکات لەم قۆناغە مێژووییەدا، ئەویش لەسەر بنەمای فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا.»



ئەمەش تاوەکو کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢دا، جێبەجێ نەکرا، ئەویش کاتێك ئیدارەی بوش بە ئاشکرا رەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی کە عێراقی دوای سەددام ببێتە وڵاتێکی فیدراڵی. لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٤دا، (یاسای ئیداری بۆ قۆناغی ئینتیقالی) هەندێ وردەکاری لە خۆ گرت لەبارەی سروشتی فیدراڵیزمەوە لە عێراقدا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەنجومەنی کاتیی عێراق دەستووری ئێستای پەسەندکرد کە دواتر لەلایەن ٤ لە ٥ی دەنگدەرانەوە لە راپرسیەکدا پەسەندکرا.

ئەمە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بوو لە تەواوی پرۆسەی گفتوگۆکردن لەبارەی دەستووری عێراقیەوە، پرسی نەوت و گاز یەکێك بوو لە قورسترین کێشەکان بۆ ئەوەی رێککەوتنی لەبارەوە بکرێت. دوایین رێککەوتن بریتی بوو لە چارەسەرێکی ئاشتیانە. پرسی نەوت و غاز نەخرایە نێو دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدراڵیەوە. ئەو ماددانەی پەیوەستن بە نەوت و غازەوە بریتین لە دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم(هەرێمی کوردستان تەنها دەسەڵاتێکی دانپێدانراوی لەم چەشنەیە) لە پارێزگاکاندا.

قۆناغی گرنگی دووەم بریتی بوو لە پەسەندکردنی یاسای نەوت و غاز لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە (لە ساڵی ٢٠٠٧دا). کە دەرگای بۆ کۆمپانیا دەرەکیەکان واڵا کرد بۆ ئەوەی راستەوخۆ کۆنتراکت لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستاندا بکەن. لەو کاتەوە، پتر لە ٥٠ کۆمپانیا (لە ٢٣ وڵاتەوە) هاتوونەتە بازاڕی دامەزراوەی وزەی کوردستانەوە.

بە ناردنی نەوت و غاز لە بۆریەکانی کوردستانەوە بۆ سنوری تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕی جیهان، حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گرنگی دیکە دەبڕێت لە بەرەوپێشچوونی ئاشتیانە، هەر لە پێداگرتنیەوە لەسەر فیدراڵیزم لە عێراقدا بۆ دروستکردنی پەیوەندگەلێکی ئابووری و سیاسی لە پێناو بنیاتنانی پردی پەیوەندیدا، ئەویش بە بەکارهێنانی وزە بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە و داهێنەرانە بۆ برەودان بە پەیوەندی هەرێمی وK هاندانی متمانە لە نێوان یاریزانە هەرێمیەکان لەو ناوچەیەدا کە بە ئاگری ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی و ناسەقاگیری سووتاوە.

رەنگە لە ٢٠ یان ٣٠ ساڵی داهاتوودا مێژوونووسان و شیکەرەوەکان کردنەوەی بۆری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا وەك دەستپێشخەریەکی ئاشتیانەی مەزنی سەرکردەکانی ئەو خەڵکانە لێکبدەنەوە کە دووچاری شەڕ، و کاولکاری و کۆچی بە کۆمەڵ و جینۆساید بووبوون، ئەویش وەك تەوژمێکی سیاسی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. رەنگە سەنتەرە ستراتیژیەکانی داهاتوو ناوی هەندێ لە بڕیارسازانی ئەمرۆیان لێبنرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کەسانێکی نوێگەر و داهێنەر و بنیاتنەر و بوێربوونە. رەنگە توێژەران لە داهاتوودا ئەو راستیەیان بۆ دەرکەوێت کە بۆریەکانی کوردستان سەرەتای سیستمێکی سیاسی نوێ بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پایەکانی بریتی بوون لە رایەڵە ئابووریەکان و هاوکاری هەرێمی و دەستپێشخەریی ئاشتیانە.

*** ئەم وتارە بە ئینگلیزی نوسراوە و گوڵان کردوویەتی بە کوردی و، دەقە ئینگلیزیەکەش هاوکات لە ویبسایتی گوڵان (gulan-media.com) بڵاوکراوەتەوە.**



## دکتۆر عەلی حوسێن بەلۆ
### شارەزا لە بواری وزە بۆ (گوڵان):

# ناردنە دەرەوەی نەوت هەندێک دواکەوت بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست پێدەکات

**پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بۆتە قسەو باسی هەموو میدیاکانی جیهان و کوردستانی خستۆتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و فاکتەرێکە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی، لە هەمانکاتدا ئێستا هێڵی بۆری نەوتی کوردستان تەواو بووە چاوەڕێ دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا نەوت هەناردەی بازارەکانی جیهان بکرێت، لەم چەند رۆژەدا کۆنگرەیەکی فراوانی وزە لە هەولێر بەڕێوە دەچێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر عەلی حوسێن بەلۆ شارەزا لە بواری نەوت کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

*** کۆنگرەی وزە لە هەولێر دەبەسترێت، ئایا بابەتی ئەم کۆنگرەیە بۆ پەرەپێدانی نەوت و گازی هەرێم چییە؟**

- بێ گومان ئەم کۆنگرەیە ژمارەیەکی زۆری گەورە کۆمپانیاکانی بواری وزە بەشداری تێدا دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانن و گرێبەستیان لەگەڵ هەرێم واژوو کردووە، ئەمە وێڕای ئامادەبوونی کۆمەڵێك کۆمپانیای جیهانی لە بواری خزمەتگوزاریی، تاکو هەلی کار بۆ خۆیان بدۆزنەوەو بێن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و گاز کە ئێستا لە هەرێم کار دەکەن گرێبەست واژوو بکەن، هەروەها ئەم کۆنگرەیە گرنگی بە هەرێم دەدات لە بواری دەرخستنی وەك هەرێمێکی ئەکتیڤ لە بواری وزەدا کە بینیمان لە ساڵی ٢٠١٢ وەك چالاکترین هەرێم لەسەر ئاستی وزەدا لە جیهان دەرکەوت، دیارە ئەم کۆنگرانە زیاتر دەبنە هۆی پیشاندانی رووی بوژاندنەوە چالاکیی هەرێمی کوردستان لەم بوارە گرنگەدا.

*** هاتنی وەزیری وزەی تورکیا و وەزیرانی هەندێ لە وڵاتانی جیهان و گەورە کۆمپانیاکان چ مانایەك بەم کۆنگرەیە دەبەخشێت؟**

- ئێستا هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کە هاوسنوورە لەگەڵیدا، هاتنی وەزیری وزەی تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە بە تایبەتیش چەندین کۆمپانیای تورکی لێرە ئیش دەکەن، بۆیە ئیشکردنی ئەم کۆمپانیایانە سوودی دوولایەنەی هەیە هەم بۆ تورکیاو هەمیش بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمی کوردستان وەکو سەرچاوەیەکی وزە هاوسنووەرە لەگەڵ تورکیا و لەم

بوارەدا زۆر پێویستی بە هەرێم هەیە، بۆیە ئاساییە کە تورکیا بایەخ بەم کۆنگرەیە بدات و وەزیری وزەی ئەو دەوڵەتەش لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبێت.

*** یەکێك لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نەبوونی یاسایەکی نەوت و غازە، ئایا نەبوونی ئەم یاسایە تا چەند کاریگەریی هەیە بۆ سەر پەرەپێدان و هەناردەکردنی نەوت و غاز؟**

- نەبوونی یاسا لە هەر بوارێکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەم و کوڕیی و دیارە عیراق ساڵانە لە ٩٥٪ ی بودجەکەی پشت دەبەستێ بە داهاتی نەوت و غاز، نەبوونی یاسا لەم سێکتەرە کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ئەو کۆمپانیانەی کە لە عیراق لەم بوارەدا کاردەکەن، چونکە تووشی ئەشکال و کەموکورتیی دەبن تاکو بە پێی یاسا بتوانن کاری خۆیان بکەن و گرێبەست واژوو بکەن، هەروەها کاریگەریی بۆ سەر ڕێکخستنی ئیشوکار لە نێوان کۆمپانیاکان لەگەڵ وەزارەت و پەیوەندیی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لەگەڵ سەنتەر و حکومەتی فیدراڵی ئەمە هەمووی کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر ئەو بوارانەی ئاماژەم پێکردن، بەداخەوە تا ئێستا عیراق نەیتوانیوە یاسایەك بۆ ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غاز دەربکات، چونکە عیراق پێیوایە دەبێ هەناردەکردنی نەوت سەنترالی بێت کە ئەمەش پێچەوانەی ماددەی ١١٢ ی دەستووری عیراقە.

***ئێستا کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز تا هەناردەی دەرەوە بکرێت، ئایا تا چەند هەناردەکردنی نەوت پێویستی بە ڕەزامەندیی بەغدا هەیە ؟**

- بە شێوەیەکی گشتی یاسای ١١١ی دەستووری عیراق دەڵێت نەوت و غاز هی هەموو خەڵکی عیراقە لە هەموو پارێزگاو هەرێمەکان لەبەر ئەوە بودجەی نەوت دەبێتە بنەمای بودجەی دەوڵەتی فیدرالی، بۆیە دەبێت ئاگادارییەك هەبێت لە سەنتەرەوە تا بزانرێت داهاتی نەوت چەندە جا چ ئەوەی لە کوردستان یان لە بەسرە دەفرۆشرێت، یان لە هەر شوێنێکی دیکە هەناردە دەکرێت یان دەفرۆشرێت لەبەر ئەوە دەبێت هەماهەنگییەك هەبێت بەبێ ئەوە کەموکورتیی دێتە ئاراوە.

*** گەیشتنی نەوت و غاز بەو ئاستە تا چەند هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی جێی خۆی کردۆتەوە؟**

- هەرێمی کوردستان ئاستێکی بەرزی بەخۆیەوە دیوە لە بواری سیاسەتی نەوتیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و بە تایبەتیش ڕۆڵی بەرچاوی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی وەزیران هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە دانانی نەخشەو گەیشتن بەم ئاستە، ئەمەش پێگەی کوردستان بەهێز دەکات چونکە ئێستا پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، هەروەها ئەو یەدەگەی نەوت کە لە کوردستان هەیە کە بە ٤٥ ملیار بەرمیل ئێستا مەزەندە دەکرێت کە ئەگەری زیادبوونیشی تێدایە لە ئاییندەدا دوای ئەو پشکنینانەی کە ئەنجام دەدرێن، بۆیە ئەمەش بۆتە هۆی بایەخدانی وڵاتان کە وزە ببێتە بنەمایەك بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان.

*** بەڕێز نیچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە لە دەرفەتێکی نزیکدا نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێت تا چەند ئەم هەنگاوە گرنگە؟**

- ئێستا ئێمە لەگەڵ چەندین کۆمپانیا گرێبەستمان واژوو کردووەو پەیمان و بەڵێنیشمان پێیانداوە کە نابێ لە بەرامبەر ئیشوکاریان زەرەرمەند بن، کاتێ کە کۆمپانیاکان کارەکانیان دەگەیەننە قۆناغی وەبەرهێنان دەبێ بازاڕ هەبێت بۆ فرۆشتنی نەوت، بۆیە سەرۆك وەزیران بەردەوام لە هەوڵدایە تاکو بازاڕ و شوێنی هەناردە بۆ کردنیان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی بۆ سەر بەرژەوەندی و ئیشوکاری ئەو کۆمپانیانە نەکات کە لە کوردستانن و لەم بوارەدا کاردەکەن، ئێستا زۆری نەماوە ئەم هەنگاوە بێتە جێبەجێکردن هەرچەندە تۆزێك دواکەوت بەڵام هەر دەبێ سەربگرێ و نەوت هەناردە بکرێت بۆ بازاڕی جیهان.

*** بەڵام ئێستا بە ملیۆنەها بەرمیل نەوت و چاوەڕێی دەکرێت بەملیارەها مەتری سێجا گاز بەرهەم بێت، ئایا دەکرێت ڕێگە لە فرۆشتنی ئەم هەموو بەرهەمە بگیرێت؟**

- پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ دەربارەی یاسای نەوت و گاز کە چۆن کاریگەریی هەیە بۆ سەر نەوت لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان تایبەتی ئەمەم ڕوونکردەوە، بۆیە ئەگەر یاساکە دەرچووبایە ئێستا زۆر ئاسان بوو بۆ هەرێمی کوردستان بەرهەمی نەوت و گازی هەناردە بکردایە، بە پێی دەستووری عیراقیش هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی هەیە ئیدارەی نەوت بکات و ڕەوانەی دەرەوەی بکات، هەروەها بەپێی یاسای ٢٢ ی ٢٠٠٧ ی کوردستان کە ئەو مافە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت، بەڵام نەبوونی یاسایەکی فیدرالی کەموکوڕییەك پەیدا دەکات کە هەماهەنگییەك هەبێت و بەبێ کێشەو گرفت نەوت هەناردەی دەرەوە بکرێت، بۆیە پێویستە لە ئاییندەدا ئەو یاسایە هەر بێتە کایەوە.

**هەرێمی کوردستان ئاستێکی بەرزی بەخۆیەوە دیوە لە بواری سیاسەتی نەوتیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی بەرچاوی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە دانانی نەخشەو گەیشتن بەم ئاستە**

**هاتنی وەزیری وزەی تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە بە تایبەتیش چەندین کۆمپانیای تورکی لێرە ئیش دەکەن، بۆیە ئیشکردنی ئەم کۆمپانیایانە سوودی دوولایەنەی هەیە هەم بۆ تورکیاو هەمیش بۆ هەرێمی کوردستان**

**بوونی ٤٥ ملیار بەرمیل لەیەدەگی نەوت لەهەرێمی کوردستان بنەمایەکی پتەوە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکان**

# جیاوازیی بەغدا و هەولێر لە پەرەپێدانی کەرتی نەوت و غازدا



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**هەرێمی کوردستان، ئێستا مەزنترین چیرۆکی سەرکەوتنە لە عێراقدا. بە شەراکەتکردنی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە فرەڕەگەزەکاندا، هەرێمی کوردستان کارێکی کردووە ئەم کۆمپانیایانە ژێرخانی- هەرێمەکە بنیات بنێنەوە و بەشداربن لە بەرەپێشبردنی کوردستاندا. لە کاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە ژێر کۆنتڕۆڵی بەغدان، ئەوا هێشتا حکومەتی بەغدا نەیتوانیوە تۆڕی کارەبا دابین بکات، تەنانەت دوای ئەوەی کە ۲۸ ملیار دۆلاریشی بۆ» خەرجکردووە». پێموایە زۆرێک لە ئێمە باش دەزانین کە بەشێکی زۆری ئەم داهاتە بۆ کوێ چووە، لەگەڵ ئەوەشدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان کورد بە گەندەڵی و خۆپەرستی تۆمەتبار دەکرێن. کاتی ئەوە هاتووە دەست لەمە هەڵبگرن. تەنانەت ئەگەر کوردیش ترسیان نەبێت لە گەڕانەوەی باڵادەستی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن لەلایەن بەغداوە، ئەوا لەسەر حەقن کە پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی ئەوەندی پێیان دەکرێت خاوەنی سەربەخۆیی خۆبەرێوەبردن بن لە کۆنتڕۆڵی پیشەسازیی نەوتی خۆیاندا.**

■

نهێنییەك نادركێنین كاتێك دەڵێین چەند ساڵێکە بەغدا و هەولێر لە ناکۆکیدان لەبارەی ئیدارەدانی سەرچاوەکانی نەوت و غازەوە. لە کاتێکدا دەسەڵاتەکانی بەغدا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەوان دەسەڵاتی حەسریان هەیە بەسەر ئیدارەدان و هەناردەکردنی سەرچاوەی نەوت و غازی عێراقەو، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە مافی ئەوەی هەیە کەرتی هایدرۆکاربۆنی کوردستان بەڕێوەببات.

ناکۆکییەکە لە بوونی تەفسیری جیاواز بۆ دەستووری عێراقییەوە سەرچاوەی گرتووە. عێراق پشت ئەستوورە بە سێ ماددەی دەستوورەکە- یەکەمیان ماددەی ۱۱۰یە، کە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی عێراقی ژماردووە. بەشە پەیوەندیدارەکەی ماددەکە دەڵێت بەغدا بەرپرسە لە: گفتوگۆکردن، واژۆکردن و پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان، گفتوگۆکردن و واژۆکردن و پەسەندکردنی سیاسەتەکانی قەرز و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی سیادی ئابووری و بازرگانی دەرەکی.» بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی هەناردەکردنی نەوت و غازیش پێویستی بە پەیماننامە یان ڕێککەوتن هەیە و پەیوەستە بە سیاسەتی بازرگانییەوە، ئەوا بەغدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە

بوارێکە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانیەوە. ماددەی دووەمی پەیوەندیدار بریتییە لە ماددەی ١١١، کە دەڵێت، « نەوت و غاز موڵکی سەرجەم گەلانی عێراقن لە سەرجەم هەرێم و پارێزگاکاندا.» ماددەی سێیەم بریتییە لە ماددەی ١١٢ی دەستوورەکە، کە بەشێك نییە لە «دەسەڵاتە حەسریەکانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی»، بەڵام لە پێش لیستی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکانەوە دێت، کە تەواو تەم و مژاویە. ماددەی ١١٢ دەڵێت:

یەکەم: حکومەتی فیدرالی لەگەڵ هەرێم و پاریزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەرێوەدەبات بە مەرجێك داهاتەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێك گەشەسەندنی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم: حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان.

پێدەچێت دەسەڵاتەکان لە بەغدا گرفتیان هەبێت لە تێگەیشتن لەو بەشەی پەیوەستە بە « لەگەڵ حکومەتی پارێزگا و هەرێمی بەرهەمهێنەرەکاندا،» و وادیارە زۆرجار ئەو ڕاستییە فەراموش دەکەن کە ئەم ماددەیە تەنها ئاماژە بە « کێڵگەکانی ئێستا» دەکات. هەرێمی کوردستان KRG ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان بەشێکن لە خەڵکی عێراق، کەواتە مانای ماددەی ١١١ ئەوەیە کە ئەوانیش خاوەنی نەوت و غازن. و تەنانەت دیاری دەکات کە «لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا.» لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان KRG ناکۆکی نییە لەگەڵ ئەوەی دەبێت داهاتی نەوت و غازەکەیان بەش بکەن(«.. بەو مەرجەی داهاتەکەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت...»)، ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن دەسەڵاتی حەسرییان هەیە بەسەر هەموو کێڵگە نوێیەکانی کوردستان و دەسەڵاتی هاوبەشیان هەیە بەسەر کێڵگەکانی ئێستا و داهاتی ئەو کیلگانەی لە باشووری عێراقەوە بەدەست دەهێنرێت پێویستە لەگەڵ کوردستاندا بەش بکرێن.

بە دڵنیاییەوە مەسەلە سەرەکییەکە بریتییە لە ململانێی دەسەڵات و داهات و کۆنترۆڵکردن. زۆرێك لە توێژەر و ڕۆژنامەنووس و شیکەرەوەکان وا ناکۆکییەکە وەسف دەکەن کە تێڕوانینێکی هەڵە بدات لەبارەی ئەوەی مەرکەزیخوازەکان ڕاستگۆیانە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، و باشترین بەرژەوەندیی عێراقیش لەبەرچاو دەگرن. ئاکامەکەش ئەوەیە کە حکومەتەکەی مالیکی کەبە شێوەیەکی ڕێژەیی حکومەتێکی پاك و بە توانایە و هەمووان لە خۆدەگرێت و هەوڵی ئەوە دەدات سەرچاوەکانی نەوت بۆ خێر و بێری سەرجەم خەڵکی عێراق بەکاربهێنێت. ئەمە هاوشان دەکرێتەوە بە کوردستانێکی گەندەڵ، خۆپەرست و جوداخواز» کە تەنها دەیەوێت هەموو نەوتی باکوور بۆ خۆی ببات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەو کوردستانەی ئەوان بەوجۆرە وەسفی دەکەن، کوردەکان توانیوویانە هەرێمەکەی خۆیان بە ئاستێك بەرەو نوێگەری و گەشەکردن ببەن کە پێشتر وێنەی نەبووە و توانیویانە خزمەتگوزاری وەك کارەبا بۆ دانیشتوانەکەیان دابین بکەن. لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستانەوە، دەرئەنجامەکە خۆی دەدوێت: هەرێمی کوردستان کە پێشتر هەژارترین و دواکەوتووترین بەشی عێراق بوو، ئێستا مەزنترین چیرۆکی سەرکەوتنی ئەم وڵاتەیە. بە شەراکەتکردنی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە فرەڕەگەزەکاندا، هەرێمی کوردستان کارێکی کردووە ئەم کۆمپانیایانە ژێرخانی- هەرێمەکە بنیات بنێنەوە و بەشداربن لە بەرەپێشبردنی کوردستاندا.

لە کاتێکدا لە بەشەکانی دیکەی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدان، ئەوا هێشتا حکومەتی بەغدا نەیتوانیوە تۆڕی کارەبا دابین بکات، تەنانەت دوای ئەوەی کە ٢٨ ملیار دۆلاریشی بۆ خەرجکردووە. لە ڕێی ئەو کۆمپانیایانەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان، حکومەتی مەرکەزی توانیویەتی بگاتە چەند ڕێککەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە فرەڕەگەزەکاندا کە قازانجێکی کەمتریان هەیە- بۆ ئەم کۆمپانیایانە- و داهاتێکی زیاتر بۆ حکومەت دابین دەکەن، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو داهاتە نەبۆتە هۆی ئەوەی لە بواری گەشەپێدان و خزمەتگوزاری و بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق بخرێنە گەڕ. پێموایە زۆرێك لە ئێمە باش دەزانین کە بەشێکی زۆری ئەم داهاتە بۆ کوێ چووە، لەگەڵ ئەوەشدا، بە جۆرێك لە جۆرەکان کورد بە گەندەڵی و خۆپەرستی تۆمەتبار دەکرێن. کاتی ئەوە هاتووە دەست لەمە هەڵبگرن. تەنانەت ئەگەر کوردیش ترسیان نەبێت لە گەڕانەوەی باڵادەستی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن لەلایەن بەغداوە، ئەوا لەسەر حەقن کە پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی ئەوەندی پێیان دەکرێت خاوەنی سەربەخۆیی «ئۆتۆنۆمی» بن لە کۆنترۆڵی پیشەسازیی نەوتی خۆیاندا.

**حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز، پێدەچێت دەسەڵاتی بەغدا گرفتیان هەبێت لە تێگەیشتن لەو بەشەی پەیوەستە بە « لەگەڵ حکومەتی پارێزگا و هەرێمی بەرهەمهێنەرەکاندا»**

**لە ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقدا هاتووە بەرێوەبردنی کێڵگەی نەوت و غاز، بەشێک نییە لە دەسەڵاتە حسریەکانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی» بەڵام، لە پێش لیستی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکانەوە دێت**

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

# حزبی سیاسی و پێکهێنانی فراکسیۆنی حکومیی



د. شێرزاد نەجاڕ



پڕۆژە ئۆرگیناڵەکەی پرۆفیسۆر ولیام رایکەر (Riker) کە ساڵی ١٩٦٢ بە ناونیشانی (تیۆری هاوپەیمانی سیاسی The Theory of Political Coalition)بڵاوی کردەوە، بە پێشەنگی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانە دادەنرێت کە لە بارەی رەفتاری هاوپەیمانێتی Coalition نووسرابێت، پێشبینیەکانی ناو ئەو پڕۆژەکارەی تا رۆژی ئەمڕۆشمان بە بنەمایەکی گرنگ دەزانرێت بۆ ئەو توێژینەوە هاوچەرخانەی سەبارەت بە بابەتی هاوپەیمانێتی دەدوێن، پرۆفیسۆر رایکەر بە روونی ئاماژەی داوە بەو شرۆڤە تەسکبینانەی لە هەمبەر ئامانجی حزبە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەخرێنەڕوو(بە نموونەش ئەوانەش سوود و قازانجەکانیان بەستراوەتەوە بە بایەخدان یان بە پاراستنی وەزیفەیی the spoils of office) لە راستیدا هاوپەیمانێتی پێویستە لەسەر بناغەی کەمترین دەسکەوتی وەدەستهاتووی جەمسەر و لایەنەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکەو هەروەها لە پێناوی زۆرترین قازانج بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دروست بێت.

لە رووی تەقلیدەوە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی سیاسەت کە لە بارەی هاوپەیمانێتی تا ئێستا نووسراون جەخت لە هاوپەیمانێتیەکانی پاش هەڵبژاردن دەکەنەوە لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا (post election coalition between parties) بەڵام لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکاندا کۆمەڵێك تیۆری دیکە هەن کە دەربارەی هاوپەیمانێتی شتگەلێکی تر دەڵێن و دەشکرێت ئەو شتانە پۆلبەندییان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ ئەو تیۆرانەی کە جەختی تەواوی خۆیان دەکەنەوە لەسەر ئەو هێز و لایەنانەی پێوەری قەبارە (size criterion) لە بژاردەکانیاندا بۆ ئەلتەرناتیڤە پێشنیازکراوەکان بەکاردێنن.

٢ـ تیۆرەکانی کە پێیانوایە لایەنەکان هەوڵ دەدەن لە قەبارەی ئیدیۆلۆژی یان سیاسییانەی هاوپەیمانێتیەکە کەم دەکەنەوە..

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە سیاسییەکانی تایبەت بە هاوپەیمانێتیدا پرسیارگەلێك لە بەرانبەر ئەم تیۆرانە خراونەتەڕوو(بە نموونە پرسیار لەوەی بۆچی لایەنێك لە لایەنەکان پێوەرێکی دیاریکراو بە باشتر دەزانێت و پێوەری تر هەڵنابژێرێت).

کۆی ئەم لێکۆڵینەوانە دەریانخست کە بەهای پێشبینی کردن(the predictive value) بۆ ئەو تیۆرانە

لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی تێدا هەیە، ئەم بابەتەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی خستنەڕووی پرسیارگەلێکی نوێ لەوانەش:

چی وا لە وڵاتێکی دیاریکراو دەکات بەشێوەیەکی جیاوازتر لە وڵاتانی تر بیر لە بابەتی هاوپەیمانێتی بکاتەوە؟

ئەو خەسڵەتانە چین کە وا لە هەندێ لایەن دەکات رەفتارێکی جیاواز لە رەفتاری لایەنەکانی تر بگرێتە خۆی؟

لێرەوە دەتوانین بڵێین رەفتاری هاوپەیمانێتی سیاسییەکان پشت بەستووە بە هەندێ بۆچوون، ئەمەش وا دیاری دەخات کە سیاسییەکان لە هەوڵی ئەوەدان قەبارەی: بودجەو دەسەڵات و رێزگرتن و سوودو قازانجەکانی تری کە لە وەزیفە سیاسییەکانیانەوە هەڵدەقوڵێت فراوانتر و زیاتر بکەن..

بەڵام بە پێی ئەم بۆچوونەشیان چەندین کۆسپ و تەگەرە دێتە بەردەمیان لەوانەش لەمپەری هەڵبژاردنەکەیە، چونکە بە لای سیاسییەکانەوە لە پێناوی مانەوەیاندا لە دەسەڵات هەوڵی بێ وچان هەیە بۆ کێبڕکێ کردن لە پێناوی وەدەستهێنانی پشتگیرییەکی بەرفراوانی نوێنەران و کاندیدکراوانیان و هەروەها زیاترکردنی پشکی حزبەکەیان لە دەرئەنجامەکانی کە لە دەنگدان کەوتۆتەوە..

پرۆفیسۆر داونس لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە لە ژێر ناوونیشانی (تیۆری ئابوورییانەی دیموکراتیەت Economic Theory of Democracy ) کە لە ساڵی ١٩٥٧بڵاوکراوەتەوە جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە حزبەکان تا ئاستێکی دیاریکراو هەردوو خەسڵەتی (دەست بەیەکەوەگرتن consistent) و (متمانەبەخۆکردن reliable)یان لە خۆیاندا کۆکردووە، بە تایبەت بۆ ئەو مەسەلانەی پێوەندییان هەیە بە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانەوەو بە تایبەتیتریش ئەگەر بیانەوێت سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا وەدەست بهێنن..

بەڵام لە بارودۆخێکی تردا، ئامانجی هەڵبژاردن کاریگەربوونی کەمترە لەو کاتانەدا کە سیاسییەکان بەو واتایەی حزب خۆی بێ ئەوەی مەترسییەکی جیددی بۆ بێتە پێشەوە لە بابەتی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانەوە رەفتارێکی ئەوتۆ بگرنە بەر، کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئامانجەکانیان بێنێتە دی، لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتی پشت دەبەستێت بە سیستمی هەڵبژاردنەوە..

هەندێ جار هاوپەیمانێتی وەسف دەکرێت وەك (تەنیا رێگەچارەa unique event) بەڵام ئەم وەسفکردنەش (بەدیهی self-evident)نییە، هاوکات (نالۆژیکی inconsequential) یش نییە، بەوەدا کە پێکهێنانی حکومەت زۆربەی جار دەبێتە کارێکی (وەکییەکی و دووپات بووەوە recurrent) رەفتاری گەمەکارانیش لە ناو رێچکەی گەمەکەدا جیاوازی دەبێت لە رەفتاری گەمەکارانی تری ناو خودی گەمە، لە ناو رێچکەی گەمەکەدا گەمەکارە عەقڵانیەکان هەندێ ستراژییەت بەکاردەهێنن بۆ بەرفراوانکردنی پاڵنەرەکانیان بەو مەبەستانەی هەیانە کە پێویستە لە ناو گەمە گەورەکەدا هەبێت، ئەوەش وەك ئەلتەرناتیڤ لە بری ئەو پاڵنەرانەی هەیانە بۆ هەر گەمەیەك بە تەنیاو جیاواز لەوانی تر، لەو چوارچێوەیەدا جار هەیە لەدەستدانی دەرفەتی بردنەوەیەکی کەمخایەن لە پێناوی دەستکەوتنی سوودو قازانجێکی گەورەتردا بۆ داهاتوو کارێکی عەقڵانییە(بە نموونە حزبی A لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێتەوە کە حزبێ لە حزبەکان بخاتە دەرەوەی هاوکێشەی هاوبەشایەتی کورتمەودای هاوپەیمانێتیەکەوە، لە کاتێکدا ئەم ستراتیژیەتە رەنگە بە پێچەوانەوە بەسەریدا خراپ بشکێتەوەو لە داهاتووی دووردا کاتێك حزبەکانی تر حزبی A لە هاوکێشە هاوپەیمانێتیەکانیان دەربهێنن، بژاردەی ئەم ستراتیژییەتە دوورمەودایە پابەندە بە زۆر شتی پڕ لە ئاڵۆز و گرفتی ژینگەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بە تایبەتی ژینگەی حزبایەتییەوە)

بەربەستی بنەڕەتی کە رووبەڕووی حزبە سیاسییەکان دەبێتەوە بریتییە لە بەربەستی (گۆڕانکارییەکانی هەڵبژاردن electoral volatility)) هێزی هەڵبژاردن وەك پرۆفیسۆر دی سوان De Swan بۆی دەچێت فاکتەری بەهێزترینیانە لە مەسەلەی گەمەی هاوپەیمانێتیدا، ئەم گۆڕانکارییانەی هەڵبژاردن لە داهاتوودا دەبنە قازانجێکی نادیاریکراو و بێ سنوور، وا لە حزبە سیاسییەکانیش دەکات کە ناچاربن ستراتیژیەتی کورت مەودا بگرێتە بەر بۆ وەدیهاتنی بارێکی شیاو بە جێباوەڕبوون لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەشدا دوو تیۆر هەن لە هەوڵی چارەسەری بارێکی وەهادان:

تیۆری بنەمای قەبارەیی:ئەم تیۆرە پێی وایە بنەڕەتی گەمەی هاوپەیمانێتی پێوەندیدارە بە ژمارەی پۆستە وەزارییەکانەوە ئەوەش بە لایەوە نرخێکی جێگیرە بۆ هاوپەیمانێتی، بە پێی ئەم بنەمایە هەر حزبێك

**لە هاوپەیمانێتییەکی فرە لایەن فرە بنکەو هێزدا ئاستی ئەداو کارامەیی حکومەت دادەبەزێنێت بەرەو نزمترین ئاستەکانی، لەبەرئەوەی هەر لایەنێک لە هەوڵی زۆردا دەبێت پێداویستییە بەراییەکانی خۆی ئەنجام بدات لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکە**

**پارتی ٣٨ +یەکێتی ١٨ = ٥٦ ئەمەیان واتە هاوپەیمانێتییەکی شلۆقە و لە لێواری کەوتندایە، چونکە هەر گۆڕانکاری و هەڵوێست وەرگرتنی ئەندامێک بە دژ یان هەر گرووپێک لە دژەباودا بە واتای رووخاندنی هەموو هاوپەیمانێتییەکەیە بە یەکجاری**

**پارتی ٣٨ + گۆڕان ٢٤ + یەکێتی ١٨ = ٨٠ بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵێک دژوازی لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لە ئارادا هەن کە فاکتەرێکی هەڕەشەئامێزن و هەر ساتەوەختێک بێت دەبێتە هۆی هەرەس پێهێنانی هاوپەیمانێتییەکە بە یەکجارەکی**

**پرۆفیسۆر لیبهارت لە کتێبەکەیدا بە ناوی دیموکراتییەت لە وڵاتانی پلۆرالیزمیدا جەختی خستۆتە سەر ئەوەی کە پابەند نەبوونی حزبەکان بە هاوپەیمانێتیی گەورەوە بۆ خۆی کارێکی عەقڵانییە لە وڵاتێکدا کە پێکەوەژیان و هاوکۆکی و کەلتووری سیاسەتێکی پراگماتیکی تێدا بزرە**

کورسییەکی زیاتری وەدەستهێنابێت بووەتە هۆی کەمکردنەوەی کورسییەکانی حزبەکانی تر، وای دابنێین ئامانجی حزبەکان وەدەست کەوتنی زۆرترین پۆستە لە پێکهاتەی حکومەتی هاوپەیمانێتیدا، دەرئەنجام پێکهاتەی هاوپەیمانێتی لە قەبارەیەکی بچکۆلەتردا خۆی دەنوێنێت، کاتێك ئامانجی حزب خۆی بەدەستهێنانی زۆرترین پۆستی وەزاری بێت ئەم پاڵنەرە بۆ حزب دەبێت پاڵنەرێکی سەرنجڕاکێشەر لەسەر حسابی ئامانجەکانی تری دەکەوێت، بە تایبەتی ئەو ئامانجانەی پێوەندیدارن بە بەرژەوەندیی گشتی هاوبەشەوە، لەمەوە دەردەکەوێت کە پاڵنەری هەڵبژاردن ڕۆڵی گرنگی خۆی لەوەدا دەگێڕێت کە سیاسییەکان لە هەموو وردەکارییەکدا بە هەندوەرگرتنێکی سیاسی پشتگوێ بخەن و جەخت بکەنەوە لەسەر ئامانجە تایبەتییە پێوەندارەکانی کە دەیانگەیەنێتە سوودو قازانجی زیاتر لە ڕێی وەدەستهێنانی پۆستی زیاتری وەزارییەوە لە زۆرترین ئاست و قەبارەی گەورەتردا، بەڵام کاتێك ئاڕاستەکانی پاڵێوراوان سیمایەکی لۆکاڵییانە وەردەگرێت، ئەمە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەلومەرجێك کە بەربەست بۆ هەڵبژاردنەکە دابنێتەوە، لەم دۆخەشدا هەر حزبێك هەوڵ دەدات کاریگەری بخاتە سەر خولقاندنی کەشێك بۆ ئاڕاستەکردنی دەنگدەران لە بەرژەوەندیی خۆیدا، ئەوەش لە ڕێی وروژاندنی کێبڕکێ بۆ ئەوەی بیخاتە خزمەتی بەرنامەکەی خۆیەوە..

لەم حاڵەتەشدا پێویستی بوون بە دەستبەیەکەوەگرتن و متمانەپێکردن بەرز دەبێتەوەو ئەم پێویستی بوونەش کاریگەری دروست دەکات بۆ ئارەزوو یان ئیرادەی حزبەکان بۆ خۆختنەپاڵ هاوپەیمانێتیەکی دیاریکراو، بە پێی ئەم هەلومەرجەش هاوپەیمانێتی حزبەکان بۆ خۆی دەبێتە هاوپەیمانێتییەك لە نێوان هەمەچەشنەیی سیاسیی زەحمەت و ئاڵۆزکاودا، بەڵام لە هاوپەیمانێتییەکدا کە جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئامانجگەلێکی دیاریکراو بۆ خۆی دەبێت هاوپەیمانێتییەکی ئاسانە بۆ خۆگونجانی سیاسیی نێوان هەموو لایەنەکانی ناو هاوپەیمانێتی، ئەم شێوازەی ناو هاوپەیمانێتی لە پێناوی ئاڕاستەکردنی حزبدایە بۆ چارەسەرە مامناوەندییەکانی پاش هەڵبژاردن(post-election compromising) ئەمەش بە واتای ئاڕاستەکردنی زەبرێکی کوشندە لە مەسەلەی متمانەی نێوان حزبەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکە، لەو کاتەدا حزبەکان دەگەڕێن بە شوێن حزبی وادا کە هەمان ئامانج کۆیان بکاتەوە لەگەڵ خۆیاندا..

دووەم: تیۆری بواری سیاسی(policy-rang) ئەم تیۆرییە لە سەنگی بابەتی پارادۆکسە ئیدیۆلۆژییەکانی هاوپەیمانێتی کەم دەکاتەوە واتا هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی ڕەفتارێکی هاوپەیمانێتی لە چوارچێوەی سیستمی هەڵبژاردنەکان دەدات کە گۆڕانکاری هەڵبژاردنی زۆری تێدا ڕوودەدات، واتا ئەم شێوازەی هاوپەیمانێتی لە باری ناسەقامگیری سیاسییەوە دەکەوێتەوە، بەڵام ئاخۆ ئەو هەڵبژاردنانە چین کە لە دۆخی سەقامگیر دەکەونەوە؟

دۆخێکی سەقامگرتوو(ئەو حاڵەتانەیە کە گۆڕانکاریی کەمتر لە هەڵبژاردنەکاندا تێدا ڕوودەدەن ئەگەری حسابکردنی تێچوون و قازانجی ستراتیژییانەی هاوپەیمانێتی زیاتر دەکات کە ڕەنگە بۆ ماوەی دوورو درێژتر درێژە بکێشێت و بڕوات، ئەم ستراتیژیانە دەکرێت لە مەودایەکی دووردا ئەوەمان نیشان بدات کە واتای هاریکاریی نێوان حزبە گەورەکان بەشێوەیەك دەکەوێتەوە ڕەنگە حزبە بچوکەکانیش پەلکێشی ناو هاوپەیمانێتیەکەیان بکات..

لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر لیبهارت لە کتێبەکەیدا بە ناوی دیموکراتیەت لە وڵاتانی پلۆرالیزمیدا(Democracy in Plural Societies) جەختی خستۆتە سەر ئەوەی کە پابەند نەبوونی حزبەکان بە هاوپەیمانێتیی گەورەوە بۆ خۆی کارێکی عەقڵانییە لە وڵاتێکدا کە پێکەوەژیان و هاوکۆکی و کەلتووری سیاسەتێکی پراگماتیکی تێدا بزرە.

سەرکردە عاقڵمەندە سیاسییەکان ئەوانەیان کە دڵخۆشن بە سەقامگیربوونی سیستمی سیاسی وڵاتەکانیان، هەوڵ بۆ هاوپەیمانێتیی گەورە دەدەن، ئارەزوو کردن بۆ سەقامگیری پاڵنەرێکە، ڕەنگە هاوگونجاو نەبێت لەگەڵ هەندێ ئاڕاستەی تیۆرییانەی زانستی سیاسەت کە تێیدا مەرجی داناوە بۆ سیاسییەکان تا لە هەوڵی وەدەستکەوتنی پۆست و پلەو سوودو قازانجی زیاتردا بن لە بەرانبەر وەرگرتنی پۆستی بڵندا، بۆیە دەپرسین ئایا قازانجی شەخسی بۆ ئەو سیاسییانە لە ئارادایە کە بەستراونەتەوە بە هاوپەیمانێتیی گەورەوە؛ بەڵێ قازانجی شەخسی هەیە، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر هاوپەیمانێتی دوور مەودا لە نێوان حزبە گەورەکاندا ڕەنگە دوو سوودو قازانجی لێ بکەوێتەوە:

ئەو کۆمەڵە پۆست و ئیمتیازاتانەی بەهۆی هاوپەیمانێتییەکەوە دروست دەبن زیاترە لەوانەی بە هۆی هاوپەیمانێتیی کورت مەودا دروست دەبن.

جەخت کردنەوە لەسەر بایەخی قازانج بۆ داهاتوو،

دووركەوتنەوەیـــە لـــە ململانێی نێـــوان حزبەكانی ناو هاوپەیمانێتییەكـــە دواتـــر پرســـیارێكی زۆر گرنگ دەمێنێتەوە، چ هاوپەیمانێتیەكی گەورە ســـازبكرێت، ئـــەو حزبانە كامانەن كە بە حزبی گـــەورە ناو دەبرێن و چۆن پۆســـتە وەزارییەكان دابـــەش دەكەن لە لایەن خۆیانـــەوە، نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بنەمای كارپێكراوی ئەم حاڵەتەیە، لەو بارەوە پرۆ فیســـۆر لیبهارت جەخت دەكاتەوە لەســـەر بنەمای نوێنەرایەتی كە بنەمایەكی بێلایەنە بۆ دابەشكردنی پۆستە وەزارییەكان هەمان بنەما دەبێتە هۆی جووڵاندنی گرفتەكانی ناو چوارچێوەی پرۆســـەی سیاســـی بڕیـــاردان، ئـــەوش گەوهەری بنەڕەتیانەی هاوپەیمانێتییە بە پێی بۆچوونی رایكەر پێویستە سیاسییەكان هاوپەیمانێتی براوەكان دامەزرێنن هـــاوكات پێی وایـــە سیاســـەتمەدارانی عاقڵمەند لە هەوڵی پێكهێنانی هاوپەیمانێتیی گەورەدان لە پێناوی قازانجەكاندا، كەواتە باشتر وایە بپرسین ئاستی كەمی هاوپەیمانێتی چییە، بابڵێین هەڵبژاردنەكان لە دەوڵەتی A ئەنجـــام دراون و ژمارەیس حزبـــە كێبەركێكارەكان بریتین لە ١٠ حزب كە بە لیســـتە جیاوازەكانیانەوە لە كێبەركێیەكدان بۆ وەرگرتنی ٢٣٣ كورسی پەرلەمانی و دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بووە:

ژمارەی حزبە سیاســـییەكان و ژمارەی كورسییەكانی كە بە دەستیان هێناوە:

| ژمارە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| كورسی | ١٠ | ٧٠ | ٦٠ | ٥٠ | ١٠ | ١٥ | ٥ | ٦ | ٣ | ٤ |

لـــە حاڵەتێكی وەهادا ئەگـــەری زۆر هەیە بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتی لەســـەر بناغەی وەدەســـتهێنانی ١١٨ كورســـی پێكبێت، كە زۆرینە پێكبهێنێت بەم شـــێوەیە خوارەوە

دوو حزب ٢ +٣ = ١٣٠ كورسی

دووحزب ٢ +٤ = ١٢٠ كورسی

حزبەكان ٢ +٣ +٤ =١٨٠ كورسی

حزبەكان ٣ +٤ +٦ = ١٢٥كورسی

ئەم دابەشـــكردنەش پشتبەستووە بە هێزی حزبەكان كە قەبارەی گەورەتر بۆ هاوپەیمانێتیی خۆیان دەخوازن.

بەڵام لە زۆربەی شـــرۆڤە تیۆرییەكانی هاوپەیمانێتیدا بایەخی تەواوەتی نەدراوەتە ئەوەی كە پاش پێكهێنانی حكومەتی هاوپەیمانێتی چی ڕوودەدات، یان ئەوئەگەرە عەقڵانیانە چین كە كاردەكەنە سەر پرۆسەی پێكهاتنەكە و چۆنیەتـــی دانوســـتانە هاوپەیمانێتیەكان بە تەواوی شرۆڤە نەكراون لەسەر بنەمای جێگرەوەی باوەڕپێكراو، چونكە هەموو هەوڵی سیاسییەكان پیادەكردنی سیاسەتە بە پێی پێداویستیە ســـەرەكییەكانی سیاسەتیان كە بە گونجاوتری دادەنێن

ئەگەر لەم بارەیەوە هەرێمی كوردستان بە نموونە وەربگرین، بە تایبەتی لە دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردنەكانی ٢١ی ئەیلوولەوە

كە بەم شێوەیە بووە:

پارتی دیموكراتی كوردستان: ٣٨ كورسی

بزووتنەوەی گۆڕان: ٢٤ كورسی

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان: ١٨ كورسی

یەكگرتووی ئیسلامی: ١٠ كورسی

كۆمەڵی ئیسلامی: ٦

بزووتنەوەی ئیسلامی: ١

حزبی شیوعی كوردستانی: ١

حزبی سۆشیالیستی كوردستانی: ١

توركمان: ٥

لیستی رافیدەین: ٢

بەرەی سریانی ئاشووری: ٢

ئەگەر تیۆرەكەی رایكەر لەســـەر ئـــەم دەرئەنجامانە بچەســـپێنین، ئەگـــەری زۆری دروســـت بوونـــی هاوپەیمانێتی لە نێوان حزبـــە گەورەكاندا لە كەمترین ئاســـتیدا (بەو پێیەی كە بە ٥٦كورسییەوە زۆرینەیەكی ئاسان پێكدەهێنێت) بەم شێوەیە دەكەوێتەوە

پارتی٣٨ + بزوتنەوەی گۆڕان ٢٤ = ٦٢

یـــان پارتی ٣٨ + یەكێتـــی ١٨ = ٥٦ ئەمەیان واتە هاوپەیمانێتییەكی شلۆقە و لە لێواری كەوتندایە، چونكە هەر گۆڕانكاری و هەڵوێســـت وەرگرتنی ئەندامێك بە دژ یان هەر گرووپێك لە دژەباودا بە واتای ڕووخاندنی هەموو هاوپەیمانێتیەكەیە بە یەكجاری

یـــان پارتی ٣٨ + گۆڕان ٢٤ + یەكێتی ١٨ = ٨٠

بە ڕەچاوكردنی ئەو راســـتییەی كە كۆمەڵێك دژوازی لە نێوان بزووتنەوەی گـــۆڕان و یەكێتی لە ئارادا هەن كە فاكتەرێكی هەڕەشەئامێزن و هەر ساتەوەختێك بێت دەبێتە هـــۆی هەرەس پێهێنانـــی هاوپەیمانێتییەكە بە یەكجاركی..

یان هاوپەیمانێتیەكیی فرەلایەن بنكەو هێز ئەوەش ئاستی ئەداو كارامەیـــی حكومەت دادەبەزێنێت بەرەو نزمترین ئاستەكانی، لەبەرئەوەی لایەنەكان لە هەوڵدا دەبن.

پێداویســـتییە بەراییەكانی خۆیان ئەنجام بدەن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاكە..

**كاتێك ئامانجی حزب خۆی بەدەستهێنانی زۆرترین پۆستی وەزاری بێت ئەم پاڵنەرە بۆ حزب دەبێتە پاڵنەرێكی سەرنجراكێشەر لەسەر حسابی ئامانجەكانی تری دەكەوێت، بە تایبەتی ئەو ئامانجانەی پێوەندیدارن بە بەرژەوەندیی گشتی هاوبەشەوە**

**هاوپەیمانێتی پێویستە لەسەر بناغەی كەمترین دەسكەوتی وەدەستهاتووی جەمسەرو لایەنەكانی ناو هاوپەیمانێتیەكەو هەروەها لە پێناوی زۆرترین قازانج بۆ پێكهێنانیی هاوپەیمانێتی دروست بێت**


اكبر

# دامەزراندنی دەوڵەت وێستگەیەک بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە



((ئەرنست رینان لە ساڵی ١٨٨٧ و لە موحازەرە بەناوبانگەکەیدا لە زانکۆی سۆربۆن پرسیارێکی گرنگی وروژاند: نەتەوە چییە؟، ئەم پرسیارە موناقەشەیەکی ئەوتۆی دروستکرد کە لەو کاتەوە تائێستا درێژەی هەیە و لەسەر ئاستی سێ قوتابخانەی فیکری جیاواز، (فیکری نەتەوەیی Nationalist، تەسەوری Imaginist، فیکری مۆدێرنە Modernist) لەم سێ قوتابخانەیەدا سێ بۆچوونی جیاواز بۆ فیکری نەتەوەیی هەیە، لە یەکەمیاندا کە فیکری نەتەوەییە، پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە وەک هەستانەوەی نەتەوە پێناسە کراوە و نەتەوەی سەرکەوتوو وەک نەتەوەیەکی دیموکراتی پێناسەکراوە، لە قوتابخانەی دووەمدا کە تەسەورییە، نەتەوە بەپێی تایبەتمەندی خۆی وێنای خۆی دەکات و خۆی پێناسە دەکاتەوە، هەرچی قوتابخانەی فیکری مۆدێرنەشە لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی پێناسەی کۆن بۆ نەتەوە رەتدەکاتەوە، بەڵام ئەم قوتابخانەیە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بە گواستنەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی نەتەوە لەسیستمێکەوە بۆ سیتمێکی دیکەی پێشکەوتوو دادەنێت، هەر بۆ نموونە گواستنەوەی سیستمی کۆمەڵگە لە سیستمی فیودالیەوە بۆ سیستمی سەرمایەداری و پیشەسازی پێشکەوتوو، بەڵام پرۆفیسۆر لیها گرینفیلد سەبارەت بەم بۆچوونەی قوتابخانەی مۆدێرنە دەڵێت: راستە مۆدێرنە ناتوانێت پێناسەی فیکری نەتەوەیی بکات، بەڵام مۆدێرنە خۆی لەلایەن فیکری نەتەوەییەوە پێناسە کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەورەترین دەسکەوتی فیکری نەتەوەیی (چاپکردنی سەرمایەدارییە) کە گەورەترین بەرهەمی فیکری نەتەوەییە و بووە هۆکاری زیادکردنی چاپکردنی کتێب و بلاوبوونەوەی کەلتوری تازە هەتا هەموو نەتەوەکان پێناسەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش لە کارەکانی مۆنتیسکۆ بە بەڵگەوە دەبینین کە وشەی نەتەوە ئەو وشە تازەیە بووە کە وەسفی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کردووە، هەروەها وشەی نەتەوە وەک وشەیەکی مۆدێرن، بۆ یەکەم جار لەلایەن یەکەم دەوڵەتی نەتەوەییەوە ئینگلیزەکان بەکارهاتووە و بەوجۆرە خۆیان پێناسە کردووە کە نەتەوەیەکی خاوەن سەروەرین، هەر لە ئینگلتەراشەوە ئەم چەمکە تازەیە بۆ فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا و دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا بلاوبۆوە و وەرچەرخانی گەورەی بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگەی وەک نەتەوە بەدوای خۆیدا هێنا.. کەواتە لەم پرۆسەیە دوو ئاراستە دەردەکەوێت، ئاراستەیەکیان دروستکردنی مێژووی نەتەوەیە کە پیادەکردنی فیکری نەتەوەیی پێناسەی نەتەوە دەکاتەوە، ئاراستەی دووەم نووسینەوەی مێژووە کە سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوە بۆ سەرکەوتنی نەتەوەیەکی سەرکەوتوو تۆمار دەکات)).



**پرۆفیسۆر رافائیل ئۆتز**
**کتێبی نەتەوە و بونیادنانی نەتەوە**
**ئامۆژگای ماکس پلانک**

## پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە و تێپەڕاندنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت

بارودۆخی سیاسیی وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتیش وڵاتانی عەرەبی، لە باشترین حاڵەتەدا لە قۆناخە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەچێت، لەبەر ئەوەی ئەو چەمکانەی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست سەبارەت بە پرۆسەی فیکری نەتەوەیی و دروستکردنی نەتەوە وەك نەتەوەیەکی خاوەن سەروەریی باسدەکران، ئێستا و دوای ئەو گۆڕانکاریانەی لە وڵاتانی عەرەبی روویاندا، هەمان قسەوباسیان لەسەر دەکرێت. ئێستا بیرمەندانی عەرەب و بەشێکی زۆری ئەکادیمیەکانی تایبەتمەند لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی ئەو پرسیارە دەکەن، ئایا نەتەوەی عەرەب دەبێت چی بکات هەتا وەك نەتەوەیەکی سەرکەوتوو خۆی پێناسە بکاتەوە؟، هەروەك چۆن پرۆفیسۆر شبلی تەلحەمی پرۆفیسۆری کورسی سادات لەزانکۆی میریلاند لە تازەترین کتێبدا کە بە زمانی ئینگلیزیی بە ناونیشانی (جیهان لە بینینی چاوی عەرەبەوە: دووبارە دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بلاوی کردۆتەوە، تەلحەمی خۆی لە پەنێڵێکی ئامۆژگای برۆکینگز کە بەبۆنەی دەرچوونی ئەم کتێبەوە بۆ ساز کراوە، ئەو پرسیارە دووبارە دەکاتەوە (ئایا نەتەوە چۆن خۆی پێناسە دەکاتەوە؟)، خاوەنی ئەم پرسیارە کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە کار لەسەر رای گشتی عەرەبی لە هەر شەش وڵاتی (میسر، ئەردەن، لوبنان، مەغریب، سعودیە و ئیماراتی عەرەبی)دەکات، خۆی ئەم پرسیارە بوروژێنیت لە ئێستادا (نەتەوەی عەرەب چۆن خۆی پێناسە دەکاتەوە؟) ئەمە مانای ئەوەیە هێشتا پراکتیزەکردنی فیکری نەتەوەیی وەك فیکرێکی مرۆڤایەتی نەك(قەومیەی عەرەبی پێشوو و ناسیۆنالیستی رۆژئاوایی) دەستی پێنەکردووە، ئەمە پێمان دەڵێت دامەزراندنی دەوڵەت لە جیهانی عەرەبی نەیتوانیووە وشەی نەتەوە وەك نەتەوەی خاوەن سەروەریی پێناسە بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەدەی شانزەهەم ئینگلیزەکان رایانگەیاندووە کە ئەوان نەتەوەیەکی خاوەن سەروەرین.

کەواتە لەم ژینگە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بایەخدان بە فیکری نەتەوەیی وەك فیکرێکی مرۆڤایەتی و زامنی بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە، باسێکی رۆژانەیە و پەیوەندی بە هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە هەیە بە نەتەوەی عەرەب و نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەشەوە، لە نێوشیاندا نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی گەورەی بێ دەوڵەت و موسڵمان بەشێکە لەم واقیعە و گرنگە لەنێو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا

هەڵوەستەی جدی لەسەر بکرێت.
هەربۆیە لەم روانگەیەوە و لەم ژینگە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەدا خوێندنەوە بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەی کورد دەکەین، راشکاوانە هەست بەو راستیە دەکەین، کە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەی کورد، جیاوازە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەکانی دیکە، هۆکاری سادەش بۆ ئەم جیاوازییە ئەوەیە، نەتەوەکانی دیکە خاوەنی دەوڵەتن و نەیانتوانیوە دەوڵەت بکەنە خاڵی دەسپێك بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە، بەڵام نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەوەی هێشتا خاوەنی دەوڵەتی فەرمی سەربەخۆی راگەیەنراو نییە، بەڵام لە رووی یاساییەوە ئێستا قەوارەی هەرێمی کوردستان حسابی دەوڵەتێکی هاوچەرخی بۆ دەکرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ئاستی قەوارەی دەوڵەت پێشوازی لێدەکرێت و، وەك هاوبەشی سیاسی و ستراتیژی و ئابووری و بازرگانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەین و بپرسین ((ئایا نەتەوەی سەرکەوتوو مانای چییە؟)) وەڵامی ئەم پرسیارە بە درێژایی مێژووی فیکری سیاسی ئەو مانایەی هەبووە، نەتەوەی سەرکەوتوو ئەو نەتەوەیەیە کە لەپرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا سەرکەوتوو دەبێت و نەتەوەی سەرکەوتووش وەك نەتەوەیەکی دیموکراتخواز پێناسە دەکرێت.

لێرەدا ئەگەر سەرکەوتنی پرۆسەی نەتەوە بە سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی گرێبدەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئەو نەتەوەیەی بیەوێت نەتەوەیەکی سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت نەتەوە خاوەنی سەروەری بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخدا و سەروەریی نەتەوەیی ئیرادەیەکی ئاشتیخوازانە بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش، ئەمە بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبات کە بەو شێوەیە پێناسەی دیموکراتی بکەین کە سەرچاوەی بڕیاردانی شەڕ و ئاشتی نەتەوەیە، بەڵام کاتێك ئەم چەمکە مرۆڤایەتیەی بیری نەتەوەیی دەبێتە سەرچاوەی فیکری ناسیۆنالیزم و قەومیەی عەرەبی (نەتەوە پەرستیەکی رەگەز پەرستانە)، ئەوا لەم حاڵەتەدا پیادەکردنی ناسیۆنالیزم و قەومیەی عەرەبی نابێتە جێبەجێکردنی فیکری نەتەوەیی، هەر بۆیە ئەو بەرهەمەش بەدەستناهێنێت کە سەرهەڵدانی فیکری نەتەوەیی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا بەرهەمی هێناوە، سەرهەڵدانی فیکری نەتەوەیی و دوور کەوتنەوە لە زمانی لاتینی و بایەخدان بەزمانی نەتەوەیی چاپکردنی سەرمایەداری بەرهەمهێنا و بووە هۆی زیادبوونی چاپکردنی کتێب و گەیشتنی کتێب بەدەستی خەڵکی ئاسایی و دووبارە وێناکردنەوەی فیکری نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك بە جیا، ئەمەش بووە سەرچاوەی رۆشنگەری و پێناسەکردنی مۆدێرنە و کۆتاییهاتن بە حکومڕانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کە هەتا شۆڕشی فەرەنسا درێژەی هەبووە.

لەوانەیە خوێنەری ئەم دێڕانە ئەو پرسیارەی لا دروست بێت کە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لەبەر رۆشنایی فیکری نەتەوەیی کە هۆکارێکە بۆ بونیادی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، بۆچی هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان، کەچی لەماوەی کەمتر لە ٢٥ -٣٠ساڵدا دوو جەنگی گەورەی جیهانی هەڵگیرساوە بە دەیان ملیۆن خەڵك کوژراون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو هەڵانەی لە پیادەکردنی فیکری نەتەوەیی کراوە و چەمکی فیکری نەتەوەیی گۆڕدراوە بۆ ناسیۆنالیزم و خۆسەپاندنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا، نەك پێکەوە ژیانی ئاشتی نێوان نەتەوەکان، کە ئەمانوئێل کانت بە نزیکەی زیاتر لە ١٢٠ ساڵ پێش شەڕی یەکەمی جیهانی (پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی) نووسیوە تیایدا داوا دەکات، ئاشتی راستەقینە بریتیە لە هەڵکێشانی رەگی شەڕ، نابێت ئاشتی بە هودنە یان شەڕوەستان پێناسە بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئاگربەست و هودنەیەك ماوەیەکە بۆ خۆ تەیار کردن و ئامادەباشی بۆ شەڕێکی دیکە، بۆیە لەم کتێبەدا کانت داوا دەکات نەتەوەی سەرکەوتووی خاوەن سەروەریی ئەوەیە کە نەتەوە یان گەل خۆی بڕیاری شەڕ و ئاشتی بدات، کاتێکیش بڕیار کەوتەوە لای گەل یان نەتەوە، ئەوا نەتەوە خاوەن سەروەریی بڕیاری ئاشتی دەدات نەك شەڕ، هەر ئەمەش دەوڵەتە لیبرالیەکانی رۆژئاوا شانازی پێوە دەکەن و دەڵێن ماوەی ٢٠٠ ساڵە لەنێوان دوو دەوڵەتی لیبرالیدا شەڕ رووی نەداوە.

## پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە پشت بە دامەزراندنی دەوڵەت دەبەستێت

ئینگلیزەکان کە لەسەدەی شانزەهەم لە میانەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی نەتەوەییەوە رایانگەیاند ئێمە نەتەوەیەکی سەرکەوتووین و خاوەنی سەروەرین، مانای ئەوەیە نەتەوەی سەرکەوتوو دەبێت خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە وەك هەموو بیرمەندانی سیاسیی لەم بوارە بە تایبەتی ئاماژەیان پێکردووە، ئەوجا سەر بەهەر قوتابخانەیەکی فیکری بن کە وەڵامی پرسیاری (نەتەوە چیە؟) دەداتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە

**ئەگەر پەیوەندی نێوان حاکم و مەحکوم بەپێی پرانسیپەکانی یاسای دەستووری گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەنگدان بێت، ئەوا بەڕێز مسعود بارزانی ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەموو تاکەکانی نەتەوەی کورد دروست بکات و ئەوان دەنگی پێبدەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کوردی هەر چوار پارچە وەک کوردی باشوور بارزانی بەسەرۆکی خۆیان دەزانن؟**

**لەم ژینگە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بایەخدان بە فیکری نەتەوەیی وەک فیکرێکی مرۆڤایەتی و زامنی بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە، باسێکی رۆژانەیە و پەیوەندی بە هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە هەیە**

**پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەی کورد، جیاوازە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەکانی دیکە، هۆکاری ئەم جیاوازییە ئەوەیە، نەتەوەکانی دیکە خاوەنی دەوڵەتن و نەیانتوانیوە دەوڵەت بکەنە خاڵی دەسپێک بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە**

**نەتەوەی سەرکەوتوو دەبێت خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، هەموو بیرمەندانی سیاسیی لەم بوارە بە تایبەتی ئاماژەیان پێکردووە، ئەوجا سەر بەهەر قوتابخانەیەکی فیکری بن کە وەڵامی پرسیاری (نەتەوە چییە؟) دەداتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە ئەو پرۆسەیەیە کە دەبێت توانای وەڵامدانەوەی بوارە گرنگەکانی(کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی، رۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و سیاسیی) قۆناخی هەستانەوەی نەتەوە بداتەوە**

**پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەت گرنگترین بەش لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە پێکدەهێنێت**

ئەو پرۆسەیەیە کە دەبێت توانای وەڵامدانەوەی بوارە گرنگەکانی (کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی، رۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و سیاسیی) قۆناخی هەستانەوەی نەتەوە بداتەوە، بۆیە ئەگەر لەچوارچێوەی ئەم بوارە گرنگانە سەیری پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بکەین، ئەوا هەست دەکەین ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گەورە و هەمەلایەنەی ئەوتۆ و قورسە کە پێویست دەکات هەموو تاکەکانی نەتەوە بەشداری تێدا بکەن و رۆڵی خۆیانی تێدا بگێڕن، بەڵام ئەگەر ئەم بوارە گرنگانە لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە پرۆسەیەکی ئاساییە.

ئەم خاڵە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین وازهێنانیش لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە و تەنیا هەوڵدان بۆ بونیادنانی دامەزراوەی سیاسیی بۆ نموونە (دەوڵەت) وەڵامی ئەو پرسانە بدەینەوە، ئەوا لەم حاڵەتەشدا دەوڵەت بەتەنیا ناتوانێت بێ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە وەڵامی هەموو ئەو پرسە گرنگ و ئاڵۆزانە بداتەوە. لێرەوە کە تێکەڵییەکی تەواو لەنێوان پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە دروست دەبێت، هۆکارەکەی ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەت گرنگترین بەش لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە پێکدەهێنێت، بۆیە راسپاردەی بیرمەندانی سیاسیی بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە ئەوەیە دەبێت پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت و پاڵپشت و پشتگیری بێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەیی، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیسان ئاماژە بە قسە بەناوبانگەکەی ئەدۆنیس بکەینەوە بەوەی عەرەبەکان خاوەنی ٢٣ دەوڵەتن بەڵام وەك نەتەوەی عەرەب لەسەر نەخشەی جیهان بوونیان نییە، ماناکەی ئەوەیە دەوڵەتە عەرەبیەکان، نەبوونە بەشی سەرەکی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی عەرەب، ئەمە بەو مانایە نییە هەر ٢٣ دەوڵەتە عەرەبیەکە ببنە یەك ئیمپراتۆریەت، بەڵکو زۆر ئاساییە وڵاتانی عەرەبی ٢٣ دەوڵەت بن، بەڵام ئەو دەوڵەتە بنەمایەك بێت بۆ دروستکردنی نەتەوە، هەر بۆ نموونە ژاپۆنیەکان کەلتورێکیان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دروستکرد، ئەم کلتورە کە وەك فۆکۆیاما ئاماژەی پێدەکات بە ئەسڵ کەلتورێکی چینیە لە دروستکردنی دەوڵەتی بەهێز و سەرکەوتوو، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبی کۆمونیستی چینی وەك حزبی لیبرال دیموکراتی ژاپۆنی نەیتوانی بەڕاستی جێبەجێی بکات، ئەوا وەك ئێستا دەبینین ژاپۆن ململانێی هەموو دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکانی جیهان بە ئەمریکاشەوە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا لە کۆماری چین هێشتا نەتوانراوە گەشەیەکی هاوشێوەی ژاپۆن بێتە ئاراوە، هەر بۆیە ئامادەیی ژاپۆنیەکان لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا، ئامادەییەکی زیاترە لە چینیەکان و هیندییەکان، کە چینی و هیندییەکان پێکەوە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی زەوی پێکدەهێنن، ئەم کەلتورەی ژاپۆن بۆ بونیادی دەوڵەت و پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە، لە کۆریای باشور رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و لەماوەی تەنیا ١١ساڵدا جیهان شاهیدی بۆ کوریای باشوردا وەك نەتەوەیەکی سەرکەوتوو، ئەمە بۆ سەنگافورا و تایوانیش راستە، هەموو ئەم سەرکەوتنانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازەی کە فیکری نەتەوەیی لەو وڵاتانە پێ پیادەکراوە، لەڕووی بەراوردکاریشەوە کە فەرەید زەکەریا بیرمەندی لاوی ئەمریکی بە رەگەز هیندستانی بەراوردی نێوان کۆریای باشور و نەیجیریا دەکات، ئاماژەی بەوە کردووە کە لەساڵی ١٩٦١ کۆریای باشور زۆر لەدوای نەیجیریاوە بووە، بەڵام کۆریای باشور لەماوەیەکی کورتدا گەیشتە ئاستی وڵاتانی جیهانی یەکەم، لەمڕووەوە تێڕوانینی زۆر ئەرێنی لە نێو پسپۆران و رۆژنامەنووسانی جیهان سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هەیە، رۆژنامەیەکی فەرەنسی لە چەند مانگێك پێش ئێستا لەمیانەی رووماڵکردنی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە مانشێتێك ئاماژەی بەوە کردبوو، هەرێمەکەی بارزانی بۆتە بەچکە پڵنگێك لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئاماژە پێکردنەی پێشکەوتنەکانی کوردستان بە بەچکە پڵنگ، دەستەواژەیەکی خوازراو بەراوردکارییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەدیهاتن و ناویان لێنان پڵنگەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم بەچکە پڵنگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە چەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا شایستەی ئەوەیە ببێتە پڵنگەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئاماژەکردن بۆ ئەم نموونانە، بۆ بەراودرکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و هیچ شوێنێکی دیکە نییە، بەڵکو کردنەوەی دەروازەیەك بوو بۆ ئەوەی کاریگەری پیادەکردنی راستی فیکری نەتەوەیی لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا ببینین.

### قۆناخی دروستکردنی مێژووی نەتەوە

مێژوونووسان و زانایانی کۆمەڵناس پێیانوایە کە پەیوەندیەکی زەمەنی و تیۆری لە نێوان هەڵستانەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی هەیە، لەم روانگەیەوە کاتێك نەتەوە لە قۆناخێکدا بە مەزندەی خۆی و لەچوارچێوەی مەعریفەی فیکری نەتەوەییدا پێناسەی خۆی دەکاتەوە، واتە پرانسیپی رۆحی نەتەوەیی لەسەروەریی میللیدا بەرجەستە دەکاتەوە و بە ئەخلاقی نەتەوەیی مامەڵە

لەگەڵ ئەو رۆحە نەتەوەییە دەکات، بۆیە ئەگەر لەم روانگەیەوە مامەڵەیەکی فیکری لەگەڵ ئەو پاشگرانە لە ناسنامەی نەتەوەیی بکەین وەك (نەتەوەی ژێردەست، نەتەوەی داگیرکار، نەتەوەی سەرکەوتوو)، ئەوا هەست دەکەین هەریەك لەو پاشگرانە دەبێتە پێناسەیەك کە حاڵەتی نەتەوە لە زەمەنێکی دیاریکراودا دیاری دەکات، هەر بۆ نموونە ئێمە کاتێك پاشگری ژێردەست دەخەینە پاڵ نەتەوە، واتە ئەم نەتەوەیە لە باشترین حاڵەتدا لە قۆناخی بەرگریکردندایە بۆ ئەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەی نەتوێتەوە، بۆیە لەم قۆناخەدا نەك ناتوانێت مێژوویەکی نوێ دروست بکات بەڵکو خەڵکی دیکە و لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەی دیکە مێژووەکەی دەنووسرێتەوە کە خودی ئەو مێژووە دەبێتە هەڕەشە بۆ تواندنەوەی ناسنامەی راستەقینەی نەتەوەیی، خۆ ئەگەر پاشگری داگیرکارمان خستە پاش نەتەوە، ئەوا پێناسەی نەتەوە دەگۆڕێت، بۆ زۆردار و شەڕخواز، راستە نەتەوەی داگیرکار دەبێتە دروستکەری مێژوویەکی رەش، بەڵام نەوەکانی داهاتوو دەبێت باجی ئەو مێژووە رەشە بدەن و داوای لێبوردن لەو گەلانە بکەن پێشتر بەناوی نەتەوەکەیانەوە زوڵمیان لێکردوون، نموونە لەمبارەوە رژێمی ئاپارتایید لە ئەفریقیا، رژێمی بەعس لە عیراق، نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتالیا، هەروەها تورکیاش لە ژینۆسایدکردنی کورد و ئەرمەن، کە ئێستا داوادەکرێت تورکیا داوای لێبوردن لەگەلی کورد و ئەرمەن بکات، لەمبارەوە تورکیا هەنگاوی هەڵگرتووە و نەوەی ئێستای تورك خەریکە خۆی بە خاوەنی ئەو مێژووە نازانێت و هەوڵدەدات پەڵەرەشەکانی ئەو مێژووە بسڕێتەوە، سەبارەت بە عەرەبیش نەتەوەی کورد تووڕەیە لەوەی دەوڵەتانی عەرەبی هەتا ئێستا داوای لێبوردنیان لەگەلی کورد نەکردووە لەسەر ژینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران، بەڵام بەڕێزەوە سەیری ئەو رۆشنبیر و سیاسەتمەدارنە دەکەن کە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو مێژووە رەشە هەبووە و وەك پەڵەیەکی شەرمەزاریی مێژوویی نەتەوەیی خۆیان لەقەڵەمداوە.

ئەم خستنەڕووەی گۆڕین پۆلێن ناسنامەی نەتەوە لە روانگەی ئەو پاشگرەی دەچێتە سەر نەتەوە، ئەوەمان پێدەڵێت، کاتێك پاشگری سەرکەوتووش دەخەینە سەر نەتەوەو بە نەتەوەی سەرکەوتوو ناوی دەبەین، ئەوا لەم کاتەدا هەم فیکری نەتەوە وەك فیکرێکی مرۆڤایەتی خۆی وێنا دەکات، هەمیش نەتەوە وەك نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و دیموکراتی وێنا دەکات، لەم قۆناخەشدا مێژووی ئازادی نەتەوە دەست پێدەکات، هەروەك چۆن مێژووی ئەمریکا لە مێژووی ئازادی ئەمریکاوە دەست پێدەکات، مێژووی نەتەوەی فەرەنسی لە شۆڕشی فەرەنساوە و مێژووی ئینگلتەرا لە دەوڵەتی نەتەوەیی و پاشانیش لە کۆتایی هاتنی شەڕی ٣٠ ساڵەی ناوخۆوە دەست پێدەکات.

بۆیە لەم خاڵەوە قۆناخی دروستکردنی نەتەوە قۆناخی دەسپێکی ئەو ئازادیەیە کە نەتەوە تیایدا هەست بەسەروەریی خۆی دەکات و تاکەکانی نەتەوە هەست بەسەروەریی خۆیان دەکەن، ئەمەش لە میانەی خوێندنەوەی فیکری نەتەوەیی و لەبەر رۆشنایی پرانسیپەکانی روحی نەتەوە و پابەند بوون بە ئەخلاقی نەتەوەییەوە، ئەم حاڵەتە تەواسلێك لەنێوان تاکەکانی نەتەوە دروست دەکات، کە بێ ئەوەی تاکەکان هیچکامیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت یان پێکەوە وتووێژیان کردبێت، بەڵام هەموویان دەربڕی هەستێکی نەتەوەیی دەبن کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، لەم خاڵەدا کە دروستکردنی مێژوو دەبێتە ئەو تەواسڵ و هاوبەشیەی کە هەموو تاکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و دەبێتە دەربڕی کۆی ئیرادەی نەتەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا، ئەوا ئەو مێژووەی لەو ساتەوەختەدا دروست دەبێت، دەبێتە بنەمای شانازییەکی نەتەوەیی بۆ هەمووان، کاتێك ئەم مێژووەش لەلایەن مێژوونووسانەوە دەنووسرێتەوە، بەردەوامی گیانی نەتەوەیی رابردوو بە ئێستا گرێدەداتەوە و نەخشە بۆ ئایندەیەکی رۆشنتر دادەڕێژێت.

## پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە لە فیکری بارزانیدا

فیکری بەڕێز مسعود بارزانی درێژەپێدەری فیکری شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد و بارزانی مستەفایە، کە دەشڵێین درێژەپێدەرە، مەبەستمان ئەوەیە ئەم فیکرە لەماوەی زیاتر لە ١١٠ ساڵی رابردووەوە تائێستا، لە پیادەکردنی فیکری نەتەوەییدا، دەوڵەتی بە بەشێکی گرنگی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە زانیووە، بەڵام لە هەر سەردەمێك لەماوەی زیاتر لەسەدەیەکدا، ئەم فیکرە مامەڵەی لەگەڵ واقیعی بابەتی و خودی نەتەوەی کورد و واقیعی بابەتی و خودی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کردووە، بۆیە کاتێك لە سەر ژێرخانی ئەم فیکرە نەتەوەییە دەگەڕێینەوە بۆ ناو پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە (نەتەوەی کورد)، لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخە بابەتی و خودییە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی نەتەوە چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی خوێندنەوەی واقیعیانەی بۆ کراوە و گرێدراوەتەوە بەو زەمەنەی نەتەوەی کوردی پێدا تێدەپەڕێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر چاوێکی خێرا بگێڕینەوە بە فیکری شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە چۆنیەتی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا، ئەوا هەست دەکەین پرۆسەکە لەم فیکرەدا

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیسان ئاماژە بە قسە بەناوبانگەکەی ئەدۆنیس بکەینەوە بەوەی عەرەبەکان خاوەنی ٢٣ دەوڵەتن بەڵام وەک نەتەوەی عەرەب لەسەر نەخشەی جیهان بوونیان نییە، ماناکەی ئەوەیە دەوڵەتە عەرەبییەکان، نەبوونە بەشی سەرەکی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی عەرەب**

**هەرێمەکەی بارزانی بۆتە بەچکە پڵنگێک لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ئاماژە پێکردنەی پێشکەوتنەکانی کوردستان بە بەچکە پڵنگ، دەستەواژەیەکی خوازراو بەراوردکارییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەدیهاتن و ناویان لێنان پڵنگەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا**

**ئەگەر چاوێکی خێرا بگێڕینەوە بە فیکری شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە چۆنیەتی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا، ئەوا هەست دەکەین پرۆسەکە لەم فیکرەدا تەنیا پرۆسەیەکی سیاسی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی (کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فیکری و سیاسیە) کە هەوڵیدا لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەم پرۆسە هەمەلایەنە بۆ هەموو نەتەوە دروست بکات**



**لەبەر کۆماری تورکیا لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە هەتا سەرەتای ئەم سەدەیەش، لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی هەشتا ساڵ بانگێشەی بۆ پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی تورک دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پیادەکردندا فیکری نەتەوەی تورک وەک فیکرێکی مرۆڤایەتی خلیسکابوو بۆ ناسیۆنالیستی تورکی، ئەوا تورکیا نەک هەر لەیەکێتی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕابوو، بەڵکو خۆی کردبووە دەوڵەتێکی داخراوی ئەوتۆ کە هەموو پرسێکی بە هەڕەشە بۆ سەروەریی تورکیا لەقەڵەم دەدا**

تەنیا پرۆسەیەکی سیاســی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی (کۆمەڵایەتی و رۆشــنبیری و فیکری و سیاسیە) کە هەوڵیدا لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەم پرۆسە هەمەلایەنە بۆ هەموو نەتەوە دروست بکات، ئەوەی جێگەی هەڵوەســتە و بەرزی ئەم فیکرەیە ئەوەیە کاتێك ئەم فیکرە لای شێخ عەبدولسەلام هەوڵی ئەوەی بۆ دراوە جێبەجێ بکرێت، هێشتا لەسەر ئاستی نەتەوەی عــەرەب و تورکیش، بیرۆکــەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی نەبووە، بیرۆکەکە لەســەر ئاستی تورك ئیمپراتۆریەتی عوســمانی بــووە وەك ئیمپراتۆریەتێکی ئیســلامی، کاردانــەوەی عەرەبیــش دوای رووخانی دەوڵەتی عوســمانی بیرۆکەی ئیخوان موسلیمین بووە وەك ئیمپراتۆریەتێکــی ئیســلامی نــەك عەرەبی، ئەم تێڕوانینە کە ئێســتا بۆتە کەلتورێــك لای عەرەب، لە ئێستادا لە ئاســتی توێژینەوە ئەکادیمیەکانی رۆژئاوا ئەم پرسە پرسیاری سەدەی شانزەهەمی ئەوروپای لەسەر دووبــارە دەکرێتەوە(عەرەب جیهان چۆن دەبینێت؟) ئەمە بــۆ تێڕوانینی نەتــەوەی تورکیش هەتا چەند ســاڵێك لەمەوپێش راســتبوو، لەبەر کۆمــاری تورکیا لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوســمانیەوە هەتا ســەرەتای ئەم ســەدەیەش، لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی هەشتا ساڵ بانگێشەی بۆ پرۆسەی دروســتکردنی نەتەوەی تورك دەکــرد، بەڵام لەبەر ئــەوەی لــە پیادەکردندا فیکری نەتەوەی تورك وەك فیکرێکی مرۆڤایەتی خلیسکابوو بۆ ناسیۆنالیســتی تورکی، ئەوا تورکیا نەك هەر لەیەکێتی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دابڕابوو، بەڵکو خۆی کردبووە دەوڵەتێکی داخراوی ئەوتۆ کە هەموو پرسێکی بە هەڕەشــە بۆ ســەروەریی تورکیا لەقەڵەم دەدا، بەڵام لە کرانەوەی ماوەی چەند ســاڵی رابردوو لە هەوڵدان و راســتکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان، ئەوا تورکیا ئەگەر هەنگاوەکانی لەمبوارە خێراتر بکات و لەبەر رۆشــنایی فیکری نەتەوەی تورك دەســتووری تورکیا دابڕێژێتەوە، ئــەوا هیچ دوور نییە لە کەمتر لە ١٠ ســاڵی داهاتوو تورکیــا ببێتــە ٢٠ـەمیــن دەوڵەتی جیهــان لەرووی



پێشــکەوتنی ئابووری و هەورووەها بوون بە ئەندامیشی بە یەکێتی ئەوروپا، ئەم مێژووەش کە لەم ســاتە وەختە دروســت دەبێت، نەك تەنیا هاووڵاتیانی تورکی تورکیا، بەڵکو تاکەکانی نەتەوەی تورك لە هەر شوێنك شانازی بەم مێژووەوە دەکەن.

بۆیە لەم روانگەیەوە تاکەکانــی نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیــەك بن یان لە هەرشــوێنێکی ئــەم جیهانە بن، ئەوجــا ئەگەر ئاگاداری ئەم مێژووە بــن یان نە، ئەوا ئەو فیکرەی شێخ عەبدولســەلام بەسەرەتای دەسپێکی پرۆســەی دروســتکردنی نەتەوە دەزانن و دەوڵەت وەك بەشــێکی گرنگی پرۆســەی نەتەوەیی ســەیر دەکەن، ئەگەر لەیەکەم شۆڕشــی نەتەوەیی کورد کە شۆڕشی بارزانی دووەمە ســەیری ئەوە بکەین ئەم فیکرەی شێخ عەبدولســەلام لەلایەن بارزانی مســتەفاوە پیادە کراوە، بێگومان لەسەر دوو ئاست هەست بە پیادەکردنی راستی ئەم فیکرە دەکەین:

١. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پەیوەندیمان بەو نەتەوانەی لەگەڵیــان دەژین بەتایبەتی بۆ باشــوری کوردســتان کە لەگــەڵ عەرەب دەژین، بارزانی مســتەفا لەیەکەم نامەی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشا پیشاندانی گیانی ئاشتیخوازنەی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی کوردی جەخت لێکردۆتەوە بەوەی شۆڕشــی کوردستان نەتەوەی عەرەب بە دوژمن نازانێت و دەیەوێت کورد و عەرەب وەك برا پێکەوە بژین.

٢. لەسەر ئاستی ناوخۆ و گرێدانەوەی شۆڕش بە بوارە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی و رۆشــنبیری و سیاســیی و دامەزراوەییــەوە، ئــەوا زۆر ئاســانە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی دانوستاندنی نێوان شۆڕشی بارزان و حکومەتی پادشایەتی ئەوسای عێراق، بەوەی شۆڕشی بارزان پێ لەســەر ئەوە دادەگرێت لە چوارچێوەی دەســەڵاتێکی لامەرکەزی، بێگومان مەبەستیش لە بەکارهێنانی وشەی لامەرکــەزی ئەوەیە کە چیدیکە دەســەڵات لە عێراقدا ســەنترالی نەبێت و بگۆڕێت بۆ دیسەنترالیزم، ئەمەش واتە کورد خــۆی دامەزراوەکانی خۆی لە چوارچێوەی

**مێژوونووسان و زانایانی کۆمەڵناس پێیانوایە کە پەیوەندیەکی زەمەنی و تیۆری لە نێوان هەڵستانەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی هەیە، لەم روانگەیەوە کاتێک نەتەوە لە قۆناخێکدا بە مەزندەی خۆی و لەچوارچێوەی مەعریفەی فیکری نەتەوەییدا پێناسەی خۆی دەکاتەوە، واتە پرانسیپی رۆحی نەتەوەیی لەسەرووەریی میللیدا بەرجەستە دەکاتەوە و بە ئەخلاقی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆحە نەتەوەییە دەکات**

**لەماوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان هەتا ١٩٧٥، خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان هەستیان بەوە کردووە کە دەبێت پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بۆ نەتەوەی کورد، پرۆسەی نەتەوەیەکی سەرکەوتوو و ئاشتیخواز بێت**

**پێش ئەوەی ئەو سەردەمە بێت کە مسعود بارزانی لە پرۆسەیەکی دەستووریدا دەنگی پێبدرێت، ئەوا لە ناو پابەندبوون بە پرانسیپەکانی رۆحی نەتەوە و پابەند بوون بە ئەخلاقی نەتەوەیی، بەڕێز مسعود بارزانی وەک سەرۆکی نەتەوە لەدیدی هەر تاکێکی نەتەوە لە هەر چوارپارچەی کوردستان سەیر دەکرێت**

**ئەو رایەڵەی لە ناخی هەر کوردێکدا لە تێروانینی بۆ مسعود بارزانی وەک سەرۆکی نەتەوە دروست دەبێت، زۆر لەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیە پتەوترە کە سندوقەکانی دەنگدان لە باشوری کوردستان دروستی کردووە**

ئــەم سیســـتمە بەڕێوەبەرێت، ئاشــکرایە سیســـتمی دیســـەنترالیزم (لامەرکـــەزی و ئۆتۆنومی و فیدرالی ئێستاشـــمان) دەگرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە بارزانی مســـتەفاش دامەزراوەیی سیاسیی شـــێوە دەوڵەتی بە بەشێك لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە زانیووە، ئەمەش راشکاوانەتر لە رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دەردەکەوێت و لەماوەی چوارساڵیشدا هەموو ئەو بوارانەمان بینی کە پرۆسەی دروســـتکردنی نەتەوە هەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەی گرتەوە.

بۆیە ئەم ئاراستەیە لەســـەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانیەوە بۆتە نەخشەی رێگە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دروســـتکردنی نەتەوە، لەمەش گرنگتر ئەم نەخشەیەی رێگەیە لەوە گەورەترە کە بڵێین تەنیا نەخشەی رێگەی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە لەناو پرۆسەکەدا، بەڵکو تێکـــڕای حزبە سیاســـییەکانی هەر چـــوار پارچەی کوردســـتانیش ئەگەر لەیەکێك لە قۆناخەکاندا کێشەی سیاسییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماوەی شۆڕشـــی یەکەمی بارزان هەتـــا ١٩٧٥، خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردســـتان هەســـتیان بەوە کردووە کە دەبێت پرۆسەی دروستکردنی نەتـــەوە بۆ نەتـــەوەی کـــورد، پرۆســـەی نەتەوەیەکی ســـەرکەوتوو و ئاشـــتیخواز بێت، ئەوا ئەگەر لایەنێکی سیاسیی نەشیویستبێت ئەم پرسە بەو جۆرە پیادە بکات، نەیتوانیـــوە بە ئاشـــکرا رەتی بکاتـــەوە، لەبەر ئەوەی کۆدەنگیەکی نەتەوەیی خۆرسکی لەسەر بووە کە ئەویش پابەندبوونی گشـــتی تاکەکانی نەتەوە بووە بە ئەخلاق و رۆحی نەتەوەییەوە.

ئەگەر لەم خاڵەوە ئەرکی ئێستای بەڕێز مسعود بارزانی بخوێنینەوە، ئەوا هەست دەکەین لە چوارچێوەی یاسایی و دەســـتووری ئەو تەنیا سەرۆکی هەڵبژێراوی هەرێمی کوردســـتانە کە هەڵبژاردنەکەش تەنیا لە سێ پارێزگای ئەم هەرێمە ئەنجامدراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە ئەوەیە، لە هەرسێ پارچەکەی دیکەی کوردســـتان بەبێ ئەوەی هەڵبـــژاردن کرابێت، یان بەڕێز مســـعود بارزانی خۆی داوایەکی کردبێت، هەموو وەك ســـەرۆکی نەتەوەیی خۆیان سەیری دەکەن و بە چوونی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئامەد لەژێر ئاڵای کوردستاندا کۆبوونـــەوە لەگـــەڵ ئەنجوومەنی شـــارەوانی ئامەد کۆدەبێتەوە و لەگەڵ پاتی ئاشتی و دیموکراتی BDP کۆدەبێتـــەوە، لەمەش گرنگتر ئـــەم حاڵەتە بۆ کوردی رۆژئاوا رۆژهەڵاتیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە لەم خاڵەدا گرنگە بەشێوەیەکی رەخنەیی و ئەقڵانی پرسیار لەسەر ئەم پێگەیەی ئێســـتای بەڕێز مسعود بارزانی دروست بکەین و بپرسین ئەگەر پەیوەندی نێوان حاکم و مەحکوم بەپێی پرانســـیپەکانی یاسای دەســـتووری گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەنگدان بێت، ئەوا بەڕێز مسعود بارزانی ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەموو تاکەکانی نەتەوەی کورد دروست بکات و ئەوان دەنگی پێبدەن، پرســـیارەکە ئەوەیە بۆ کوردی هەر چوار پارچە وەك کوردی باشور بارزانی بەسەرۆکی خۆیان دەزانن؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە لە چوارچێوەی یاســـای دەستووری و گرێبەستی کۆمەڵایەتی بێ وەڵامە، بەڵکو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو پرۆســـەی کە پرۆســـەی دروستکردنی نەتەوەیە کە لە شێخ عەبدولسەلامەوە دەست پێدەکات و بەڕێز مسعود بارزانی بە ئەمانەتەوە درێژەی پێدەدات، لەم پرۆسەیەشدا بنەماکان دەگۆڕدرێن و دەبنە (رۆحی نەتـــەوە، پابەندبوون بە پرەنســـیپەکانی رۆحی نەتەوە، پابەندبوون بە ئەخلاقی نەتەوەیی)، ئەم بنەمایانە چۆن لای بەڕێز مسعود بارزانی بوونی هەیە و ئێستا وەك سەرۆکێك کە ئیمکانیەت و نفوزی هەیە رەنگیداوەتەوە، بەهەمان شـــێوە لە ناخی هەر تاکێکی نەتەوەشدا هەیە، ئەمەش تەواسلێکی لە ناخی هەر تاکێکی نەتەوەی کورد و بەڕێز مسعود بارزانی دروستکردووە، بۆیە پێش ئەوەی ئەو سەردەمە بێت کە مســـعود بارزانی لە پرۆسەیەکی دەســـتووریدا دەنگی پێبدرێت، ئەوا لە ناو پابەندبوون بە پرەنســـیپەکانی رۆحی نەتەوە و پابەند بوون بە ئەخلاقی نەتەوەیی، بەڕێز مســـعود بارزانی وەك سەرۆکی نەتەوە لەدیـــدی هەر تاکێکـــی نەتەوە لە هـــەر چوارپارچەی کوردستان سەیر دەکرێت.

بۆیـــە لەم روانگەیەوە کاتێك بەڕێز مســـعود بارزانی لە کۆنگـــرەی ١٣ی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان داوا دەکات دیراســـەتی ئەوە بکرێت دروشـــمی پارتی ببێتە مافی چارەی خۆنووســـین بۆ نەتەوەی کورد، کاتێك لە پەیامی نەورۆزدا بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت ئەگەر حکومەتی عێراق تاکڕەوانە رەفتار بکات و پابەند نەبێت بە دەستوور و رێککەوتنەکان، ئەوا ئەو ملکەچی بڕیاری گەلی کوردســـتان دەبێت و هـــەر بڕیارێك گەل بیدات پێوەی پابەند دەبێت، لەمـــەش گرنگتر ئەوەی ئیدارەی ئەمریکی هەموو ســـەرکەوتنی خـــۆی بە یەکپارچەیی خاکی عێراق بەســـتۆتەوە، بەڵام بەڕێز مسعود بارزانی لە ناو کۆشـــکی ســـپی و لە کۆبوونەوەی راستەوخۆی لەگەڵ ســـەرۆکی ئەمریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگـــەر عێراق پابەند نەبێت بە دەســـتوورەوە ئەوا گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، بەرامبەر بە کوردی پارچەکانی دیکە بە تایبەتی کوردی باکور، کاتێك بە جیهانی راگەیاند کێشـــەی کوردی باکور بە



ڕێگەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و دەبێت ڕێگەی ئاشتی بگیرێتە بەر و لەبەردەم هەموو گوشارەکان و تەحددیەکان ڕاوەستا و بە ئاشکرا دیسان بە تورکیاو هەموو جیهانی وت هەتا پەکەکە ئامادەبێت بە شێوازی ئاشتیانە کێشەی خۆی لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات، ئەوا ئەو ئامادەنییە وەك تیرۆریست سەیری بکات، بەرامبەر بە ڕۆژئاواش کە ئێستا پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە دەبێت تاکرەوی نەمێنێت و هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلەی لە ڕۆژئاوا هاتۆتە ئاراوە، ئەمانە هەموو ئەو پرەنسیپانەی ڕۆحی نەتەوە و ئەخلاقی نەتەوەن کە بەڕێز مسعود بارزانی پێوەی پابەندە و لە ناخی هەر تاکێکی کوردستانیشدا هەیە، بۆیە ئەو ڕایەڵەی لە ناخی هەر کوردێکدا لە تێڕوانینی بۆ مسعود بارزانی وەك سەرۆکی نەتەوە دروست دەبێت، زۆر لەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیە پتەوترە کە سندوقەکانی دەنگدان لە باشوری کوردستان دروستی کردووە.

ئەم هەستە کە بنەماکەی ڕۆحی نەتەوەو پابەندبوون بە پرانسیپەکانی ئەو ڕۆحە و ئەخلاقی نەتەوەیی دروستیکردووە، لەسەر ئەرزی واقیع نمایشێکی نەتەوەیی جوانتری دروستکردووە، ئەویش ئەوەیە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان باشوری کوردستان لەژێر سایەی سەرۆکایەتی بارزانیدا وەك بەشێکی ئازاد لە نیشتمانی گەورە سەیر دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سەروەرییە نەتەوەییە لە باشور هاتۆتە ئاراوە، سەروەرییەك نییە تەنیا کوردانی باشور ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانی تیادا بخوێننەوە، بەڵکو بۆتە ئەو سەروەرییەی کە هەموو نەتەوەی کورد ناسنامەی نەتەوەیی خۆی تیادا پێناسە دەکاتەوە.

ئەم حاڵەتە لە دیوێکەوە چەند جێگەی ئومێدە کە تاکەکانی نەتەوەی کورد وەك تاکی نەتەوە لە نیشتمانێکی گەورەدا پێناسەی ناسنامەی خۆی دەکات، لەلایەکی دیکەوە هێندەی دیکە ئەرکی سەرشانی بەڕێز مسعود بارزانی قورستر دەکات، لە ئێستا هەرێمی کوردستان کە وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع سەیر دەکرێت و هێشتا بەفەرمی نەبۆتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەی مسعود بارزانیدا، ئەم دەوڵەتی ئەمری واقیعە بەشێکی گرنگی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە بێت، وەك نەتەوەیەکی سەرکەوتووی خاوەن سەروەری، بەمەش مسعود بارزانی دەبێتە دروستکەری ئەو مێژوویەی کە دەبێتە دەسپێکی مێژووی ئازادی و نەتەوەش وەك نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و دیموکراتی پێناسە دەکاتەوە و نەوەکانی ئایندەش وەك مێژووی نەتەوەیەکی سەرکەوتوو شانازی پێوە دەکەن.



### پرۆفیسۆر ریچارد کاپلان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی لێهاتوو رۆڵی گرنگ دەبینێت لە پابەندبوونی تاکەکانی نەتەوە بە خەباتی نەتەوەییەوە لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا

**پرۆفیسۆر ریچارد کاپلان ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، تویژینەوەکانی تایبەتن لەسەر بەڕێوەبردنی تەنگژە و ستراتیژیەتی ئاشتی و بونیادنانی دەوڵەت، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت وەک بەشێک لە پرۆسەی درووستکردنی نەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم چەند پرسیاریکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر کەپلان کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە یەکێکە لە قۆناغە هەستیارەکان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا کە تێیدا نەتەوە هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی گرنگی نەتەوەکە دەدات کە پەیوەستە بە ناسنامەی نەتەوەییەوە لەچوارچێوەی ئەم قۆناغەدا. بە بۆچوونی ئێوە، ئایا ئینتیمای نەتەوەیی گرنگە بۆ نەتەوە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان نەتەوە (کۆمەڵگە-جڤات) و دەوڵەت (یەکپارچەیی خاك لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیەوە). زۆرێك لە وڵاتان لە غیابی هەستێکی هاوبەشی ئینتیمای نەتەوەییدا دروستکراون. ناونیشانی کتێبێکی ڕۆشنبیرانە لەبارەی نەتەوەیی فەڕەنسی- و بنیاتنانی دەوڵەتەوە—(Peasants into Frenchmen (Eugen Weber— ڕەنگدانەوەی ئەم ئەزموونەیە. زۆرێك لە فەڕەنسیەکان کەمێك یان هیچ هەستێکی ئینتیمایی نەتەوەییان نەبوو لە سەدەی نۆزدەدا، تەنها بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو هەستکردن بە ئینتیمای، یان ناسنامەی نەتەوەیی گەشەی کرد- واتە ماوەیەکی زۆر دوای دامەزراندنی دەوڵەتی فەڕەنسی. لەم ڕووەوە فەڕەنسا بە تەنها نییە. هەرچۆنێك بێت، زۆرێك لە ئەزمونەکانی بنیاتنانی نەتەوە، بەتایبەتی بەم دواییە، لە بەشێکیدا سەرچاوەیان لە بوونی هەستێکی بەهێزی ئینتیمای نەتەوەییەوە گرتووە.

*** ئەو نەتەوانەی لە قۆناخی پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا سەرکەوتوو بوون، خاوەنی سەرکردەیەکی لێهاتوو بوون، توانیان تواناکانی نەتەوە یەکبخەن لەپێناو ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ ڕاددەیەك بوونی سەرکردەی لێهاتوو گرنگە و تا چەند بوونی سەرکردە فاکتەرێکی ئیجابیە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە؟**

- بوونی سەرکردەی لێهاتوو گرنگە بۆ هەر دەستپێشخەرییەکی سیاسی گەورە، لە نێویاندا پرۆسەی درووستکردنی نەتەوە، ئەگەرچی رۆڵی سەرکردەی لێهاتوو بۆ هەموو پرۆسەیەکی گەورە گرنگە و تەنها لەم پرۆسەیەدا کورت نابێتەوە. هەربۆ نموونە یاسای چاودێری گونجاو لەبەرچاو بگرە کە بە «چاودێری ئۆباما» ناسراوە لە ئەمەریکا، تێپەڕاندنی ئەو یاسایە پێویستی بە سەرکردایەتییەکی کاریگەر هەبوو لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا. هەرچۆنێك بێت، لە کاتێکدا کە سەرکردەی لێهاتووش هەبوون و لێهاتووەکەیان سەرمایەیەکی بە نرخ بووە، بەڵام پێویستە ئەم لێهاتووییە لە چوارچێوەیەکی درووستدا رەنگبداتەوە. ڕوانینێکی ڕوون بۆ ئامانجەکە، یاخود پابەندبونێکی بەهێز بەو ڕوانینە یان ئامانجەوە، هەروەها کۆکردنەوەی پشتیوانییەکی جەماوەری بۆ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، هەروەها ئەو کاتە سەرکردەی

لێهاتوو گرنگە کە دەستپیشخەرییە سیاسییەکە پێویستی بە هەوڵێکی بەرچاو و بە قوربانی دەبێت لەلایەن خەڵکەوە، لیهاتوویی سەرکردە هاوکار دەبێت لەوەی خەڵکی متمانەیان بە «خەباتە نەتەوەییەکە» بمێنێت لە هەل و مەرجی لەم چەشنەدا.

*** لە نێو زۆربەی پرۆسەکاندا، ئێمە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دەبینین کە لە بەشێکی نەتەوەکەدا دەست پێدەکات، و لە بەشەکانی دیکەدا بەدی ناکرێت. بۆ نمونە، کۆریای باکور و باشور و چین و تایوان، ئێمە دەبینین کە پرۆسەکانی بنیاتنانی نەتەوە سەرکەوتووبوونە لە کۆریای باشور و تایواندا، بەڵام نەیانتوانی لە کۆریای باکوور و چیندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتنی بەشێکی نەتەوەکە کاریگەری لەسەر سەرجەم نەتەوەکە دەبێت؟**

- زۆرێك لە کۆرییەکان- لە باکوور و باشوور- ئارەزووی یەکگرتنەوە دەکەن، هەروەها چینەکانی چین و تایوانیش. لەم ڕووەوە خەونی هاوبەش هەیە بۆ نەتەوەکە، ئەگەرچی ڕەنگە لە ڕووی تێڕوانینانەوە بۆ یەکخستنی نەتەوەکە جیاواز بن، هەروەها گرنگە ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین کە کۆریای باشوور و تایوان کۆمەڵگەگەلێکن کە بوار بە ئازادیەکی زیاتری ڕادەربڕین دەدەن، چینیەکان لە چین و کۆریەکان لە کۆریای باکور کۆت و بەندێکی زیاتریان لەسەرە. هەرچۆنێك بێت ئەوە ڕاستە، کە ڕەنگ بێت خەونە نەتەوەییەکان لە نێو هەندێ گروپی نەتەوەکە و هەندێ ناوچەی دەوڵەت یان وڵاتەکە زیاتر هەستی پێبکرێت.

*** ئەوەی لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەرنجی لێدەدرێت ئەوەیە لە کاتێکدا پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسی هێشتا دەستی پێنەکردووە. بۆ نمونە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا،هەروەها لە چیللی، کۆستاریکا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین. ئایا دەکرێت پێش گەشەکردنی دیموکراسی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دەست پێبکات؟**

-گومانی تێدانییە کە ئەگەری بنیاتنانی نەتەوە پێش گەشەکردنی دیموکراسی لە ئارادایە. لە ڕووی مێژووییەوە، بنیاتنانی نەتەوە بە زۆری لە غیابی گەشەکردنی دیموکراسیدا بەدەستهاتووە- بۆ نموونە، لە ئەمەریکای لاتیندا. هەرچۆنێك بێت پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە-خۆی لە خۆیدا- دژ بە دیموکراسی نییە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بە چەشنێك پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە پیادە بکرێت کە خۆسەپێنی و نا لێبوردەیی و پەراوێزخستنی تێدابێت، بۆ ئەوەی نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا ئاماژە بە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە سایەی دەسەڵاتی هیتلەردا دەکەین. لەم ڕۆژگارەدا دەبینین کە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە کیبوبیك و سکۆتلەندا لە سیاقێکی دیموکراسیدا ڕوودەدەن. بە دڵنیاییەوە، ڕەنگە گرژیەك لە نێوان بەها جڤاتیەکان و بەها تاکەکەسیەکاندا درووست بێت، و ڕەنگە ئەو گرژیەش لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە یەکلابکرێتەوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دژ بە دیموکراسی بێت.

*** لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٤دا، بڕیاردرا کە ڕێگە بەوە بدرێت فەلەستین ببێتە دەوڵەت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕەزامەندی پیشاندا، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی فەلەستینیەکان لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبوون لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی ئێوە بۆ ڕێککەوتنەکەی ئۆسلۆ، لەکاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکەدا ئیسرائیل ڕازی نەبوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی. هەرچۆنێك بێت، وەڵامە سادەکە بۆ ئەوەی بۆچی فەلەستینیەکان لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە سەرکەوتوو نەبوون ئەوەیە کە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاکی فەلەستینیەکان لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا داگیرکرابوو. ڕەنگە داگیرکاری ئیسرائیل تەنها فاکتەر نەبێت کە ڕێگر بێت لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لەلایەن فەلەستینیەکانەوە- بەڵکو دابەشبوونی سیاسیش هەیە لە نێو فەلەستینییەکان و سەرکردایەتییەکەیاندا کە ڕێگرە لە بنیاتنانی نەتەوە، بەڵام داگیرکاری ئیسرائیل گرنگترین فاکتەر بووە.

*** هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا تێدەپەڕن لەم ساتەوەختەدا، بەڵام پێشبینی ناکرێت کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە سەرکەوتوو بن. ئایا چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

وڵاتانی ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەڵات سوودیان لەوە وەرگرت کە نزیك بوون لە یەکێتی ئەورووپاوە و ئەم یەکێتییە پشتیوانی کردن. هاوکاری دارایی و تەکنیکی یەکێتی ئەوروپا، و لە هەموشی گرنگتر، ئەگەری ئەندامبون لە یەکێتی ئەوروپادا، هۆکاری سەرەکین کە بەشداربوونە لە گەشەکردنی دەوڵەتێکی دیموکرات و ئابوری بازاڕ لە ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەڵات. زۆرێك لەم وڵاتانە- وەك ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و هەنگاریا و کۆماری چیك- ئەزمونی پێشوەختەیان هەبوو لەگەڵ حکومڕانی دیموکراسی و ئابووری بازاڕ، هەروەها هەستێکی بەهێزی پێشوەختەی ناسنامەی نەتەوەی هەبووە لە نێو دانیشتوانی ئەم وڵاتانە، لە ڕاستیدا، خەبات لە دژی کۆمۆنیزم (و باڵادەستی ڕوسی) بەلای زۆرێکەوە خەباتێکی نەتەوەیی بوو.

**ڕەنگە گرژیەک لە نێوان بەها جڤاتیەکان و بەها تاکەکەسیەکاندا درووست بێت، و ڕەنگە ئەو گرژیەش لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە یەکلابکرێتەوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دژ بە دیموکراسی بێت**

**هەرچۆنێک بێت، زۆرێک لە ئەزمونەکانی بنیاتنانی نەتەوە، بەتایبەتی بەم دواییە، لە بەشێکیدا سەرچاوەیان لە بوونی هەستێکی بەهێزی ئینتیمای نەتەوەییەوە گرتووە**

# کێشەی کورد و سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی- تورکیا وەک نموونە*



د. نەژدەت ئاکرەیی

خوێندنـــەوەی سیاســـەتەکانی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی لەو دەوڵەتانەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەری ئاڵۆزە، ئاماژە بەســـێ شـــێواز دەکەن: شـــێوازی تواندنەوە بەهێز (رووبەڕووبوونەوەی ســـەربازی)، شێوازی تێکەڵکردن بـــە هەیکەلیەتەکانـــی دەوڵەت (چارەســـەری کارگێڕی و ئابووری)، شـــێوازی چارەسەری سیاســـی (دەستووری و یاسایی).

ئەم سیاســـەتانە لە دیدێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیین، ئەویش وەك قەوارەیەکی ســـتراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکان، شـــێوازی یەکەم ئەو کێشانەیە مەترســـیدارن بۆ ئاسایشی نەتەوەیـــی و یەك پارچەیی دادەنرێـــت، بۆیە ئەوەی ئەمە دەپارێزێت میکانیزمی بەرگری و هێزی سەربازیە، لە راستی دا ئەم ئەزموونانەی لەم شـــێوازەدا هەن ئاماژە بەقورســـی نەزیفـــی ئابووری و مرۆیی و دژ بـــە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دەدەن. شـــێوازی دووەم جەخت لەسەر پێکەوەژیان و تێکەڵبوون بە هەیکەلیەتەکانی دەوڵەت دەدەن لەسەر بنەمای هاونیشتمانی بەشدار بوو لە کارگێڕی و دارایی و ئابووری، بۆیە تا رادەیەك ئاســـتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزێت لەسەقامگیری و بەردەوام بوون، ئەمەش پەیوەستە بەسروشتی سیســـتمی سیاسی و سەرچاوەکانی شـــەرعیەت، شێوازی سێیەم چارەســـەرکردنی سیاسی (دەستووری و یاسایی) بۆ کێشەکە وەك پاڵپشـــتێك بۆ بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەهێزکردنی بنەماکانی پەیوەســـت بە بەرگری سەربازی و دیپلۆماسیەتی هەمەجۆر و ئابووری گەشەپێدان هەژمار دەکات.

خوێندنەوەی مێژووی سیاسی کێشەی کورد لەتورکیا ئاماژە بە پلەبەندیەکی زەمەنی دەکات بۆ ئەم سێ شێوازەی ئاسایشی نەتەوەیـــی لە مامەڵەکردن، شـــێوازی یەکەم و دووەم پەیڕەو دەکرا هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکی تازە لەسەرەتاکانی ســـەدەی رابردووەوە نزیکەی هەشت دەیەی زەمەنی لەنێوانی چارەســـەری سەربازی و یاسا ئیستســـنائیەکان بەرۆڵێکی بەرچـــاوی دامـــەزراوەی ســـەربازی و هەیکەلیەتەکانی دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەچوارچێوەی پرۆسەکانی دروســـتکردنی بڕیار لەقەوارەی دەســـتووری و یاسایی و قەوارەی دینامیکی پەیوەســـت بەتوخمەکانی سەرکردایەتی و هەڵبژاردەی سیاســـی و ســـەربازی و هێزە کاریگەرەکان وەك حزبـــەکان و گروپەکانی بەرژەوەندی و رای گشـــتی و دەزگاکانی راگەیاندن لەگەڵ شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی ژینگەی نێوخۆ و دەرەکی، و لەهەمان کات دا پرانســـیپی هاووڵاتـــی بوون پەیـــڕەو دەکرا بەسیاســـەتی تێکەڵ بوون لە هەیکەلیەتەکانی دەوڵەت و بەشـــداری سیاســـی لەبەر رۆشـــنایی یاســـاکانی دەوڵەتی تورکیای تازە، بەپێی ئەم دوو شـــێوازە کێشەی کورد بەمەترســـیەك لەسەر سیستمی سیاسی و دەســـتووری و بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی تورکیا هەژمار دەکرا و لەئەنجامدا بەمەترســـیەکی نێوخۆ و دەرەوە هەژماردەکرا، بۆیە پێویستە سیاسەتێکی بەرگری سەربازی

لەگەڵ هەندێك لەمیكانیزمەكانی سیاسی و ئابووری پەیڕەو بكرێت، هەرچۆنێك بێت زمانی ژمارەكان ئاماژە ئابووری و سەربازی و مرۆییەكان ئاماژە بە تراژیدیایەكی دڵتەزێن دەكەن بۆ تابلۆی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی توركیا، بەبوونی ناسەقامگیری سیاسی و كودەتاكانی سەربازی و كێشە ئابووری و گیروگرفتەكانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە توركیا و بەم شێوەیەی كە دژیەكی پەیڕەوەكانی كۆبنهاگن (١٩٩٣) بن سەقامگیری دامەزراوەكانی و پەیڕەوكردنی دیموكراسیەت و سەروەری یاساو مافەكانی مرۆڤ و پاراستنی ماف و ئازادیەكانی كەمە نەتەوەییەكان، بۆیە ئەم دوو جۆرە شێوازە شكستیان هێنا لە چارەسەركردنێكی عادیلانە بۆ كێشەی كورد.

بەڵام تێبینی دەكرێت كەوا لەدەیەی یەكەمی ئەم سەدەیە نیشانەكانی شێوازی سێیەم لە سیاسەتەكانی ئاسایشی نەتەوەیی لە توركیا هاتە كایەوە دەربارەی كێشەی كورد و لەسەر بنەمای چەمكێكی پەیوەست بەهاوكێشەی شیكردنەوەی توخمەكانی هێز و پلانی ستراتیژی لەبنەما جێگیرەكان وەك مێژوو، جوگرافیا، ژمارەی دانیشتوان، رۆشنبیری، هەروەها بنەمای گۆڕاو وەك ئابووری، تەكنەلۆژیا، هێزی سەربازی و دیدی ستراتیژی و پێناسەی كەلتوری و پلانی ستراتیژی و كارگێڕی سیاسی هەروەها توخمی مرۆیی و پیشەسازی بەرگری و پێكهیاتەی سەربازی جگە لە میراتگری توركیا و رۆڵی لە گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەڵەتی پانتایی زەمینی و دەریایی لە ئاستەكانی پەیوەندی، بۆیە چەمكی تازەی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئەم بنەمایە (شەرعیەتی سیاسی، پێكەوە ژیان و لێبوردەیی رەگەزی و ئایینی، بوونی سەرچاوە بنەڕەتیەكانی سروشتی، توانا ئابووریەكان، پێویستی ئەوەی كەوا سیاسەتی سەربازی نەبێتە ئەركێكی قورس لەسەر ئابووری، پەیڕەوكردنی بەرگری پێشوەختانە بەمانای دەستنیشانكردنی بەپەلەی مەترسیەكان. هاوسەنگی لە نێوان ئازادیەكان و ئاسایش، گۆڕانكاری لەچەقبەستی سیاسەت بۆ دینامیكیەتی سیاسی، گۆڕانكاری لەدەوڵەتی پەراوێز بۆ دەوڵەتی سەنتەر، لەسەر ئەم بنەمایە جەخت لەسەر ئەوە دەكرێتەوە، كەوا كێشەی كورد كێشەیەكی ئاسایشی سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و وجودێكی مێژوویی و كیانێكی جوگرافیە، بۆیە پێویستە چارەسەری سیاسی بۆ بكرێت لە چوارچێوەی كۆمەڵێ لە هەنگاوەكانی دەستووری یاسایی و دارایی و كارگێڕی و ئابووری و كرانەوەی دیموكراسی لەسەقایەك پڕ لەدیالۆگ و عەقڵانیەت و فرەیی و بەشداری و هەمەجۆری و بەرپرسیاریەتی مێژوویی هەموان، ئەمەش دەكرێت بەمیكانیزمەكانی چاوپێداخشاندنەوەی لەیاسای حزبەكان، ئابووری، دامەزراوە سەربازیەكان، تیرۆر، كۆچ پێكردنی زۆرە ملێ، پەروەردە، خوێندنی باڵا، كەلتوری، لێبوردنی گشتی، قەرەبووكردنەوە، قوربانیەكان، بەردانی گیراوەكان، ئەمەش لەدیدی ستراتیژیەتی فراوان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی توركیا كەدەوەستێتە سەر بنەماكانی گەڕان بەدوای ئاسایشی توركیا لەچوارچێوەی هاوسەنگیەكی جێگیر و پێشكەشكردنی نموونەی تازە و پاڵپشتی كردنی پڕۆژەكانی گەشەپێدان و نوێبوونەوەی سیاسی لەگەڵ جەختكردنەوە لەسەر تواناكانی ئابووری و هێزەكانی كۆمەڵایەتی و رێخۆشكردن بۆ دایەلۆگ لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا و گەڕان بەدوای ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی و بەشداری كردن لەئەمنی هەرێمی و پەیوەستبوون بە دیدێكی فراوان نەك رەفتاری قەیرانەكان، و وتار و شێوازێكی دیپلۆماسی تازە كە هاوكار بێت بۆ بڵاوكردنەوەی هێزی نەرمی توركیا لەناوچەكەدا. لەهەمان كاتدا رەچاوی گۆڕانكاریەكان بكرێت لەدەستنیشانكردنی مەترسیەكان، هەروەها تێبینی گۆڕانكاری دەكرێت لەوتاری سیاسی كوردی لەهەڵسەنگاندنی مەسەلەكانی رووبەڕووبوونەوەی چەكداری یاخود مەدەنی و هەوڵی دانانیان لەقەوارەیەكی دیموكراسی لەگەڵ بوونی جۆرە ئاڵۆزیەكی چەكداری لەگەڵ ویستی ئاگربەست بۆ ماوەی جیاجیا و خشتەی زەمەنی نەك بەمەبەستی نەفەس كێشان، بەڵكو بەمەبەستی دروستكردنی كەشێكی دیموكراسی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی كێشەی كورد، ئەمەش شوێن پەنجەی پۆزەتیڤی تێدا بەدی دەكرێت.

پوختەكە ئەوەیە كە ئێمە لەبەرامبەر قۆناغێكی تازە داین لەهەڵدانەوەی لاپەڕەی ململانێی جیابوونەوە و قوتدان لەتوركیا و ئیشكالیەتی پێناسەی نەتەوەیی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەكی دیموكراسی تازە لەمەسەلەكەدا كەتەنها كورد ناگرێتەوە، بەڵكو تێكەڵە لەگەڵ كێشەی گەلان و دەوڵەتەكانی ناوچەكە. بەم شێوەیەی كە كاریگەری هەبێت لەسەر رەوڕەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكەدا.

خوێندنەوەی مێژووی سیاسی كێشەی كورد لەتوركیا ئاماژە بە پلەبەندیەكی زەمەنی كە تێیدا شێوازی تواندنەوە بەهێز، و شێوازی تێكەڵكردن بە هەیكەلیەتەكانی دەوڵەت پەیڕەو دەكرا

هەر لەو دیدە فراوانەی سیاسەتە تازەكان ئاسایشی نەتەوەیی لە توركیا، خوێندنەوەی شیكاری لەپەیوەندیەكان لەگەڵ هەرێمی كوردستان بەئاستە ستراتیژیەكانی ئابووری و سیاسی و ئەمنی، ئاماژە بەئاسۆیەكانی پێشكەوتن دەكەن كە كاریگەری پۆزەتیڤیان هەیە لەسەر ئاستەكانی ئاسایش و سەقامگیری و ویستی هاوكاری هاوبەش بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەكان.

هەروەها دیدی ئەم سیاسەتانە بۆ گۆڕانكاریەكان لەسوریا بەئاستی سیستمێكی ئەمنی هەرێمی لەبەر رۆشنایی جیۆسیاسەت و جیۆئابووری تازە كاریگەرە لەخزمەتكردنی بەرژەوەندیەكانی گەلان و دەوڵەتەكانی ناوچەكە، لەهەمان كاتدا لەچوارچێوەی هاوسەنگی هەرێمی سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندیەكان لەگەڵ (ئێران، عێراق، وڵاتانی كەنداو) ئامانجێكی تری سیاسەتەكانی ئاسایشی نەتەوەیی توركیای تازەیە.

**(*) ئەم توێژینەوەیە پێشكەشكرا لە كۆنفرانسی گەڕان بەدوای مۆدێلێك بۆ كێشەی كورد لەشاری (ئەنقەرە) لە رۆژانی (٩، ١٠/تشرینی یەكەمی/٢٠١٣) كە لەلایەن سەنتەری رۆژهەڵات بۆ توێژینەوەكانی ئاشتی ئەنجام درابوو.**



# نەبوونی سەقامگیری و بەربڵاوی کارە تیرۆریستیەکان هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەتی عێراق دەکەن



لە ٢١ی ئایاری ٢٠١٣ رۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهانی کریستیان ئامانپور لە شاشەی کەناڵی CNNـەوە و لەمیانەی دیمانەیەکی لەگەڵ هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق پرسیارێکی گرنگی وروژاند ئایا عێراق لە کۆنترۆڵ دەرچووە و لەبەریەکهەڵوەشاوە؟ (Is Iraq unraveling؟)، لەگەڵ ئەوەی لەوەڵامی ئامانپوردا وەزیری دەرەوەی عێراق زۆر جەختی لەسەر ئەوەکردەوە عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی باری ئاسایش بکات و سنوورێك بۆ کارە تیرۆریستیەکان دابنێت، بەڵام لە بەرامبەردا و هەر هەمان رۆژ ئامۆژگای واشنتۆنیش بۆ رۆژهەڵاتی نزیك ئەوانیش بە وتارێك بە ناونیشانی (بەڵی عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت. Yes Iraq is unraveling) وەڵامی ئامانپوریان دایەوە، بەهەرحاڵ کاتێك ئەم دێڕانە دەنووسین زیاتر لە ٦ مانگ بەسەر ئەو پرسیارەی CNN تێدەپەڕێت، بەڵام بارودۆخی عێراق لەرووی ناسەقامگیری و هەڵکشانی کارە تیرۆریستیەکان ئەوکات واتە پێش شەش مانگ زۆر لە ئێستا باشتر بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە رۆژ لەدوای رۆژ حکومەتی عێراق لەسەر ئەم پرسە دەستەوەستان تر دەبێت و ناتوانێت سنوورێك بۆ تیرۆریستان دابنێت، بەمەش بۆشاییەکی گەورە دروستبووە کە هەموو کارەکانی حکومەت لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە پەکیان بکەوێت و هاووڵاتیانی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق هەست بە دڵنیایی و ئارامی نەکەن، لەمەش گرنگتر ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت پرۆسەی سیاسی راستبکرێتەوە و پێکهاتەکان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێکبکەون بۆ ئەوەی لە ئاستی وەڵامدانەوەی ئەو تەحدیانە بن کە لەم بارودۆخە رووبەڕووی عێراق دەبنەوە، ئەم پەرتەوازەییەش کە لەنێو پێکهاتەکاندا هەستی پێدەکرێت بۆتە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی ئاسایش و سوپا لەلایەن بەشێکی ناو یەك پێکهاتە کۆنترۆڵ بکرێت و ناشتوانن هیچ رۆڵێك بگێڕن.

سەبارەت بەم واقیعە پرسیارمان لە پەرلەمانتار شوان محەمەد تەها ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق کرد، بەوەی ئایا ئەوان وەك پەرلەمان و لیژنەی بەرگری و ئاسایش چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەن، لە وەڵامدا بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (رەوشی ئاسایش لە ئێستای عێراقدا بە گشتی زۆر خراپە بەتایبەتیش لە شاری بەغدا و لە ناوچەکانی دیالە و ئەنبار و موسڵ و تکریت رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپیی دەچێت، زۆر هۆکار هەن کە وایان کردووە رەوشەکە بەو شێوەیە خراپ بێت و تەنیا بوونی رێکخراوی ئەلقاعیدە و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە نین، بەڵکو چەندین گروپی دیکەی چەکداری لە عێراقدا هەن بە بەرچاوی حکومەتی عێراقییەوە چالاکی تیرۆریستی دژ بە هاووڵاتیان ئەنجام دەدەن، بەڵام حکومەت لێیان بێدەنگە، هەروەها رووداوەکانی ناوچەکە بە گشتی و سوریا بەتایبەتی ئەوانیش کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر رەوشی عێراق دروستکردووە، جگە لەمانە ئەو رێوشوێنانەی دەزگا ئەمنییەکان دەیگرنە بەر و هاووڵاتیان دەکەنە ئامانج، ئامانجەکە زیاتر سیاسییە لەوەی ئەمنی بێت و بریتییە لە پەراوێزخستنی چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگا کە سوننەکانن، ئەمانە هەموویان وایانکردووە کە بارودۆخی ئەمنی بەرەو خراپتر بچێت. لەلایەکی دیکەوە دەزگا ئەمنییەکان لەرووی هەواڵگرییەوە سەرکەوتوو نین و ناتوانن زانیاری تەواو پەیدا بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە بەرامبەر دەست نەکەوتنی زانیاری هەڵدەکوتنە سەر ماڵی هاووڵاتیان و رەش بگیرییان دەکەن، ئەم رەشبگیرییە وایکردووە کە نارەزایی لای خەڵك دروست بێت و بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی تێکچوونی رەوشی ئەمنی، حکومەت دوو ئەرکی سەرەکی هەیە یەکەمیان: خزمەت کردنی هاووڵاتیان لەرووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە،



شوان محەمەد تەها:

# خراپیی رەوشی عێراق هۆکارەکەی تەنیا بوونی رێکخراوی ئەلقاعیدە نییە، بەڵکو چەندین گروپی دیکەی چەکداری لە عێراقدا هەن بە بەرچاوی حکومەتی عێراقییەوە چالاکی تیرۆریستی دژ بە هاووڵاتیان ئەنجام دەدەن

دووەمیان: دەستەبەرکردنی ئەمن و ئاسایشە بۆ هاووڵاتیان، بەداخەوە دەتوانم بڵێم لە هەردوو ئەرکەکەدا حکومەتی عێراقی فەشەلی هێناوە.. لەم بارودۆخەدا تاکە چارەسەر ئەوەیە حکومەتی عێراقی پابەند بێت بە ماددەی ٩ی دەستووری عێراقی کە تێیدا هاتووە: دەبێ سوپای عێراق و دەزگا ئەمنییەکان لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پێك بێن، هەر لە هەمان ماددەدا هاتووە: نابێ دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش بخرێنە نێو کاروباری سیاسییەوە، هەر لە بڕگەی سێیەمی ماددەکەدا هاتووە: نابێ سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق ببنە ئامڕازی سەرکوتکردنی هاووڵاتیان، ئەگەر حکومەتی عێراق تەنیا پابەند بێت بەو ماددەیەی دەستووری عێراقی دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەکو قەوارە سیاسییە کوردستانییەکان چەندین جار لەگەڵ لیستی ئەلعێراقییە و رەوتی سەدر وەکو فشارێك پەنامان بردە بەر لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت، هەروەها داوامان کرد بانگهێشتی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بکرێت بۆ بەردەم پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و لەجیاتی ئەوەی بێن بەرگری لە خۆیان بکەن، پەرلەمانیان کردە ئامانج، بۆیە دەبینین ئەنجوومەنی نوێنەران بووەتە لاوازترین دەزگا لە عێراقدا، تەنانەت لێرەو لەوێ بووەتە مایەی ئەوەی خەڵکی عێراق تیر و توانجی لێبدەن)).

ئەوەی پەرلەمنتار شوان محەمەد تەها وەك ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایش ئاماژەی پێکرد، ئەوەیە کە هێزێکیش کە لەدەرەوەی رێکخراوی قاعیدە و تیرۆریستەکانە ئەوانیش هەمان کار دژی هاووڵاتیان ئەنجامدەدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە خەریکە کارە تیرۆریستیەکان دەگۆڕێت بۆ شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر شاڵاوە تیرۆریستیەکان ببنە شەڕی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە، ئەوا ئەمجارەش وەك ساڵی ٢٠٠٦ بەرەو ئەو حاڵەتە دەچین کە باڵیۆز پیتەر گالبریس ناوی لێنا (کۆتایی عێراق)، ئەم حاڵەتە چ لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق بێت وەك ئامانپور پرسیاری لەبارەوە کردووە و یان وەك گالبریس کەناوی ناوە (کۆتایی عێراق) بەرەو ئەو مانایەمان دەبەن کە چ کۆتایی عێراق بێت یان لەبەر یەکهەڵوەشان، ئەوا ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی خوێناوی کۆتایی پێدێت و وەك پسپۆران لە شەڕی ناوخۆی ئیتنی و مەزهەبی ئاماژەیان پێکردووە، ئەو شەڕە کاتێك کۆتایی پێدێت کە لایەنەکانی شەڕکەر لە شەڕەکە هیلاك و نائومێد بن و بە ناچاری پەنا بۆ دانوستاندن و ئاشتی بەرن، بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لایەنەکان کەی دەگەنە ئەو حاڵەتەی کە لەشەڕ هیلاك بن و پەنا بۆ دانوستاندن و ئاشتی بەرن؟ یان ئایا بەکردەیی ئەم بارودۆخە بەرهەمی کێشەی پێکهاتەکانی سوننە و شیعەیە؟ سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەڕێز مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری کوردستانی لە لێدوانێکدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەم بارودۆخە بەرهەمی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانە و لەمبارەوەو وتی:(لایەنی یەکەمی کەموکوڕییەکان سیاسییە و پێوەندی و گرژیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و ئەو ململانێیانەی کە تەواو نابن و هەر بەردەوامن، دواتر لاوازیی و بێ توانایی حکومەت لە چاککردنی رەوشی ئەمنی، هەروەها لاوازیی هەواڵگری و بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیای تازە لەم بوارەدا، هەروەها ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان بەو شێوەیە نییە کە بەیەکەوە دابنیشن و بیر لە چارەسەر بکەنەوە، دواتر دەبینین کە لایەنەکان بەیەکەوە دادەنیشن هەموویان باس لە چاکسازی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکەن کەچی لەسەر ئەرزی واقعدا هیچی لێ نایەتەدی. هەروەها رەوشی ئەمنی رەنگدانەوەی هەیە بۆ سەر بارودۆخی سیاسی و ئاستی خزمەتگوزارییەکان و سەرجەم کایەکانی دیکەی وڵات، چونکە پێوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان بارودۆخی ئەمنی و سیاسی، لەم بارودۆخەدا پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نییە، چونکە باسی رەوشی ئەمنی ناکات، کە سەرکردە ئەمنییەکانیش بانگهێشت دەکات بۆ لێپرسینەوە ئامادەنابن، تەنانەت فەرماندەی گشتیش ئامادە نابێت، بۆیە پەرلەمان فەرامۆشکراوەو سووچەکەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، لەمەش زیاتر چەندین پرۆژە یاسا هەن لە پەرلەمانی عێراق تا ئێستا دەنگیان لەسەر نەدراوە ئەویش دیارە بەهۆی رێکنەکەوتنی لایەنەکانی ناو پەرلەمانە، چونکە ئەگەر ئەوان رێك بکەون ئەوکاتە ئاسانەو خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ دەکرێت دواتر دەخرێنە دەنگدانەوە، یاسای دادگای دەستووری کە ساڵێکە ئامادەیەو دەنگی بۆ نەدراوە،



هەروەها یاسای حزبەکان کە گفتوگۆکانی تەواوبوون، بەڵام چاوەڕوانی سەرنج و تێبینیەکانی کوتلەکان دەکرێت، تا دواتر وەکو یاسایەکی تەواو دەنگی لەسەر بدرێت، ئەمە وێڕای چەندین یاسای دیکە)).

لایەنی کوردستانی لەسەر ئەم رەوشە نالەبارە بە شێوەیەکی بێ لایەنانە باس لەبارودۆخەکە دەکەن، بەڵام ئایا لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی کە راستەوخۆ لە ئەدای خراپی حکومەت بەرپرسن چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەن، لەمبارەوە پەرلەمانتار جومعە عەتوانی ئەندامی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەوان وەك هاوپەیمانی نیشتمانی بەڕێز نوری مالیکی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆك وەزیران کاندید نەکەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی چاوەڕێی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن لەمبارەوە وتی: (لە ئێستاوە شێوازی بەشداری کردنی قەوارەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەرکەوتوون، دەبینین پێشتر هاوپەیمانێتیی شیعی لە هاوپەیمانێتی نیشتمانی رەنگی دابۆوە، هەروەها لیستی ئەلعێراقیە لەگەڵ هێزە سوننیەکان بێجگە لە هاوپەیمانیی کوردستانی ئێستا هەریەکە بە نیازە بە تەنیا بەشداریی هەڵبژاردن بکات، بۆیە بەم شێوەیە چ کوتلەی ئەحراری سەدر و رێکخراوی بەدرو دەوڵەتی یاسا و ئەوانی دیکە بڕیاریان داوە بە تەنیا بەشداری بکەن، بۆیە ناحەزانی مالیکی تەنیا لیستی عێراقیە نابێت، بەڵکو کوتلەی ئەحرارو مواطن دەبێت، ئەوانە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ململانێ دەکەن، هەروەها لیستی ئەلعێراقیە بە تەنیا نییە، بەڵکو لیستی موتتەحدون و چەندین کەسایەتیی دیکە و لیستی جیاجیا کە ئەوانیش بەشداردەبن، کە لە ناوچەکانی رۆژئاوا دەبن، دوای هەڵبژاردنیش ململانێیەکە توندتر دەبێت لە نێوان لیست و قەوارەکان کە مەسەلەی ململانێی سیاسی و تائیفی قووڵتر دەکاتەوە، بۆ نموونە رەوتی مواطن و ئەحرار سوورن لەسەر ئەوەی کە سەرۆك وەزیران ئەم جارە سەر بەوان بێت، دیارە هەمیشە ململانێی سیاسی لە تایفی باشترە، چونکە ئەگەر خوانەخواستە گەیشتە ململانێی تایفی ئەوا ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر هەڕەشە و رەوشی ئەمنی زیاتر بەرەو خراپی و گرژی و کارەسات دەچێت کە رەنگە ببێتە هۆی دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی و کێشەو قەیرانی زیاتری بەدوادابێت کە ئەمە دژی بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراسییە لە عێراق))



بەلام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بێت ئایا دەتوانرێت هەڵبژاردن بکرێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە عەتوانی بە گوڵانی راگەیاند ئەو کاتە دەبێتە بەهاری تیرۆریستان و لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: (ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرەی ئێستا بێت، من پێشبینی دەکەم ئەو کاتانە ببێتە بەهارێك بۆ تیرۆریستان، چونکە هەروەکو وتم ژمارەیەك لە کارمەندو هێزی ئەمنی و لەوانەیە لەناو حزب و لایەنە سیاسییەکانیش هەبن هاوکاریی تیرۆریستان بکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، بێجگە لە موزایەداتی دیکەی سیاسی بۆ شێواندنی رەوشەکەو ناوزڕاندنی هەندێ بەرپرسی سیاسی تاکو لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بهێنن، دیارە ئەمەش بۆ ئەوەیە تا بڵێن ئەوانەی دۆسێی ئەمنییان بەدەستە سەرنەکەوتوون وێڕای حەزکردنی هەندێ لایەن لە نانەوەی پشێوی تایفەگەری و ریسواکردنی دەستکەوتەکان و تێکدانی باری ئەمنی و تۆقاندنی هاووڵاتیان تاکو لە بنکەکانی دەنگدان دوور بکەونەوە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر هەر بە شێوەی جاری پێشتر بێت دیارە رێژەی بەشداری کردنیش کەمتر دەبێت هەروەك چۆن بینیمان لە بەغدا جاری پێشوو رێژەکە لە ٣٠٪ی رەتی نەکرد))

ئەم خوێندنەوەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس ئومێدێکی زۆری لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق هەڵچنیوەو بەوجۆرە سەیری دەکەن ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بەڵام پرسیاری گرنگتر لەوە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە روو لە هەڵکشان بێت و لەماوەی تەنیا ١٠ مانگی رابردوو زیاتر لە ٥٨٠٠ هاووڵاتی بووبنە قوربانی کارە تیرۆریستیەکان، ئایا عێراق فریا دەکەوێت هەڵبژاردن بکات؟ ئەگەر هەر کەسێك بیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، دەبێت بە وردی سەیری بارودۆخی ناسەقامگیر و هەڵکشانی کارە تیرۆریستیەکان بکات، لەو روانگەیەشەوە هیچ گەشبینیەك بەدی ناکرێت.



**مەحمود عوسمان:**

## ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان بەو شێوەیە نییە کە بەیەکەوە دابنیشن و بیر لە چارەسەر بکەنەوە



**جومعە عەتوانی:**

## هەمیشە ململانێی سیاسی لە تایفی باشترە، ئەگەر خوانەخواستە گەیشتە ململانێی تایفی ئەوا ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر هەڕەشە

# (موسڵمانانی برا) نەک (برایانی موسڵمان)

خەریکە نەخشــەی کاری ئیســلامیی لەجیهاندا گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، بەتایبەت پاش وەستانەوەی زۆرێك لەکۆمەڵگەی موســڵمان نشــین لەوڵاتانی بەهاری عەرەبییدا بەڕووی ڕێکخراوە ئیســلامییە سیاسییەکان کە بەگەیشتن بەدەسەڵات ویستیان کاری دواخراوی (٨٠)ساڵەیان لە(٨) مانگدا بەئەنجام بگەیەنن.
ئەم هەڵە گەورەیەی ئەو ئیســلامییانە وەك زریان وایە کە بەبێ زیان تێپەڕ نابێت، ڕێك وەك ئەو بزمارانە وایە کە بە هەڵە دادەکوترێن و، بە هەڵکێشانیشیان هەموو هەڵەکە چارەسەر نابێت، چونکە هەڵکێشانی بزمارە بەهەڵە داکوتراوەکان، ژمارەیەك کونی زۆر لەدوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، کە پڕکردنەوەیان کار و کاتی زۆری دەوێت!
(برایانی موســڵمان) کۆمەڵێکی پەروەردەیی بوون لەســەرەتادا، ڕێگەی بانگخوازییان لێ ون بوو، کەوتنە ســەر ڕێگەی سیاسەت، ویستیان بەئایین سیاسەت چاك بکەن، بەڵام بەسیاسەت ئاینیان خراپ کرد.
بۆیە ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە (برایانی موسڵمان) واز لەخۆجیاکردنەوە بێنن لەکۆمەڵگەی موسڵمان، چونکە موسڵمانان هەموو بەفەرمانی خودا برای یەکترن.
ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە (برایانی موسڵمان) دان بەهەڵەی دەیان ساڵەی کاریاندا بنێن، چونکە ژیانی دنیا لە ڕوویەکدا بەرهەمی هەڵەیەکە کە مرۆڤ لە ســەرەتادا کردوویەتی، ژیانیش هەر لەم ڕووەوە هەلێکە بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ هەڵســەنگاندن و گرتنەبەری ڕێی گەڕانەوە بۆ بەهەشت.
ئادەم و حەوا (ســەلامی خوایان لەســەر) فێریان کردین کە داننان بە هەڵە سەرەتای گەڕانەوەیە بۆ ڕاستی، بەڵام شەیتان چونکە دانی بە هەڵەی خۆیدا نەنا، ڕێگەی گەڕانەوەیشی لەسەرخۆی داخست.
داننان بە هەڵە، مرۆڤ ئازاد دەکات لە خۆ دیلکردن لە بازنەی سایکۆلۆژیای دوای هەڵەکردن، بۆیە دەڵێن: (مرۆڤی ئازاد کەسێکە کە ئەنجامی هەڵەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت).
ئادەم و حەوا بە داننان بە هەڵەی خۆیان ئازادبوون، شەیتانیش بە لە ئەستۆنەگرتنی هەڵەکانی، خۆی لە دیلیدا دۆزییەوە.
ئەزموونەکانی ئەم دواییەی جیهانی ئیسلامیی سەلماندی کەحزبە ئیخوانییەکانی نێو کۆمەڵگای موسڵمان نشینماڵێکی زۆر بچووکن و، نوێنەرایەتی هەموو موسڵمانانیان لەتوانادا نییە وەك هەوڵیان بۆ دەدا.
ئیدی کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم چوارچێوە تەنگانەیەو، کاتی ئەوەیە ئایین لەفەزای فراوانی خۆیدا ڕۆڵی خۆی ببینێت و، کاری حزبایەتیش بدرێتەوە دەست سیاسەتمەداران و خاوەن ئەزموونانی ئەو بوارەو ڕێبوارانی.
زۆریش گرنگە بزافە ئیخوانەکان بەســنگێکی فراوانەوە گوێ بگرن لەو ڕەخنانەی ئاراســتەیان دەکرێت، ئەگەرنا، ئەوســا ڕۆژگار وانەیەکی زۆر توندیان فێر دەکات کەباجی گەورەی لەســەر دەدەن لەدەرئەنجامی پشتگوێخستنی بەخۆداچوونەوەو داننەنان بەهەڵەکانیاندا.
(ڕۆبەرت گرین) لەکتێبی (هێز)دا باس لە (٤٨)یاســا دەکات لە(یاساکانی گەمەی هێز)و، هۆکاری لادانی ئیسلامییەکان لەدەسەڵات بۆ ئەم (٤) (داو)ە دەگێڕێتەوە:
**یەکەم:** کەوتنە داوی هەڵپەکردن بۆ دەســەڵات و لەبیرچوونەوەی ئەوەی دوای گەیشــتن بەدەســەڵات پێویست دەکات چی بکەن؟
**دووەم:** کەوتنە داوی بەئاینیکردنی کێشەکان، لەکاتێکدا شۆڕش لەبەر هۆکاری ئابووریی و ناعەدالەتی بەرپابوو بوو.
**سێیەم:** کەوتنە داوی تێکەڵکردنی شتێك لەدیموکراسیی و زۆرێك لەبنەماکانی تۆتالیتاریی.
**چوارەم:** کەوتنە داوی کاردانەوەی توندوتیژو، شەڕکردن لەگەڵ سوپادا.
(ڕۆجەر هاردی) شیکارکاری کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، دەڵێت لەشکستی ئیخوانەکان زۆر وانە هەن بۆ سەرنج لێدان، لەوانەش:
**یەکەم:** گۆڕانکاریی کارێکی ئاسان و خێرا نییە.
**دووەم:** دەستەبژێرو فەرمانڕەوایانی پێشوو بەئاسانی تەسلیم نابن و دەسەڵات لەدەست نادەن.
**سێیەم:** ڕۆژئاوا دیموکراسیی پێ باشە، بەڵام لەسەر حیسابی بەرژەوەندی خۆی نا.
**چوارەم:** لەو وڵاتانەدا کە سیاسەتی سەرکوتکارانەی تێدا پەیڕەو کراوە، دیموکراسیی زوو گوڵ دەرناکات.
**پێنجەم:** بارودۆخی جیای وڵاتان، ئەنجامی جیا بەدەستەوە دەدەن، بۆیە نابێت چاولێکەریی لەگۆڕانکاریدا بکرێت.
**شەشەم:** ئیسلامییەکان لەمیسردا هەڵەی گەورەیان ئەوە بوو کەنەیارەکانیان پشتگوێ خست، بەڵام هەڵەی گەورەتریان بەکەم ڕوانین بوو بە سوپا.
**حەوتــەم:** دەنگی ناڕەزایــی گەل بەتەنها بەس نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن ئــەو ناڕەزایەتییە ڕێکدەخرێت بەئامانجی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

# دۆستانی بەرتللە



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

هەفتەی رابردوو کۆنفرانسی دۆستانی بەرتللە لەژێر دروشمی «نا بۆ گۆڕینی دیموگرافیی ناوچە مەسیحی نشینەکانی عیراق» لەهەولێر بەسترا. وەك لەناوەڕۆکی دروشمی کۆنفرانسەکە دەردەکەوێ، مەسیحییەکان لەعێراقدا رووبەڕووی چەشنە پاکتاوێکی رەگەزی بوونەتەوە کەئامانجەکەی ریشەکێش کردنیانە لەعێراق.

ئەم دیاردەیە ماوەیەکە سەرنجی رای گشتیی ناوخۆ و جیهانی راکێشاوە. لە١٧ی تشرینی دووەمدا کۆمیسیۆنی بـــاڵای مافی مـــرۆڤ بەهاوکاریی لیژنەی مافی مرۆڤی ســـەر بەئەنجومەنی نوێنەرانـــی عێراق، بەبۆنەی رۆژی جیهانـــی لێبوردەییەوە، لەبارەگای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەغدا کۆنفرانســـێکی دەربارەی مافی کەمینەکانی عێراق ســـاز کرد کەتێیدا بەشێوەیەکی گشتی کێشەی کەمینەکان بەتێرو تەسەلی تاوتوێ کرا. هەر لەو کۆنفرانســـەدا نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نیکۆلاری مەلادینۆف داوای لەئەنجومەنی نوێنەران کرد یاســـایەك بۆ پاراستنی کەمینەکان دەرکا بۆ «چارەســـەرکردنی کێشەو گرفتی کەمینەکان»و لەم سەروبەندەشـــدا داوای لەحکومەتی عیراق کرد بکەوێتە خۆ بۆ «چاکسازی کردنی هەموو یاساکان بەمەبەستی قەدەغەکردنی توندڕەوی و جیاکاری لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق». بەڵام دیارە ئەم مەسەلەیە لەوە قوڵترە کەتەنها بەدەرکردنی یاسا چارەسەر بکرێ و پێویستی بەهەنگاوی کردارەکییە.

کۆنفرانسەکەی هەولێر لەوردەکارییە گشتییەکاندا هاوڕایە لەگەڵ کۆنفرانسەکەی بەغدا، بەڵام لەهەولێر زۆرتر جەخت کرایە سەر ناوچەیەکی دیاریکراو کە بەرتللەیە و تایبەتمەندیی پێ درا، هەرچەند لەڕەوتی کۆنفرانسەکەدا ســـنوری کێشـــەکە بەڕادەیەك درێژ کرایەوە کەســـنوری بەرتللەی تێپەڕاندو ناوچەکانی تلکێف و حەمدانیەشی گرتەوە، وەك لەوتەکانی رۆمێو هەکاریدا دەردەکەوێ.

تەنگ هەڵچنین بەمەسیحییەکان گرفتێکی گشتییە لەعێراق، بەڵام ئەم گرفتە لەهەر شوێنێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەر لەم ســـەروبەندەدا ناکرێ کێشـــەکە لەهەر یەك لەبەغداو موسڵ و بەرتللە لەیەك گۆشە نیگاوە تەماشا بکرێ. لەبەغدا کێشەکە تێکەڵ بەپرۆژەی «خاوێنکردنەوەی عێراق لەمەسیحییەکان» بووە کەپرۆژەیەکە هەندێ گروپی توندڕەوی ســـوننی و شـــیعی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەپشت بەســـتن بەتیۆریی ئایینی راست و ئایینی ناڕاست. ئەم تیۆرییە وای دەبینێ کەئیسلام وەك ئایینێکی پاك و مەسیحایەتی وەك ئایینێکی شێوێنراو و لادەر پێکەوە هەڵناکەن. بەم پێیە تیۆرییەکە ســـەرتاپاگیر ئایینییە و پەیوەندیی بەسیاســـەتەوە نییە و کوشتنی مەسیحییەکان بە «جیهاد» ناو دەبا.

لە بەرتللە ئەگەرچی رەوشەکە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لەبەغدا و موسڵ دەبینرێ، بەڵام بەرگی گۆڕینـــی دیموگرافیی لەخۆیەوە پێچاوە. دکتۆر کازم حەبیب، ســـەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانســـەکە، لەوتارەکەیدا کە لەکۆنفرانسەکە خوێندییەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەساڵانی رابردودا مەسیحییەکان لەبەرتللە ٩٩٪ی دانیشـــتوانیان پێك هێناوە، لەکاتێکدا ئێســـتا تەنها ٤٠٪ی دانیشـــتوان پێکدێنن. گومانێکی زۆر هەیە کەپرۆســـەی گۆڕینی دیموگرافی لە بەرتللەو هەندێ ناوچەی تری دەشـــتی نەینەوا، بەشێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە دەچێ. لەم پرۆســـەیەدا، کوشتنی مەسیحییەکان وەك ئەوەی کە لەبەغدا هەیە، بەچاو نابینرێ و تەنانەت بڕی بەکارهێنراوی توندوتیژیش لەبەرتللە بە بەراورد لەگەڵ بەغدا زۆر کەمە. بەڵام ئامانج لەبەغداو لە بەرتللە یەك ئامانجە، ئەویش رەو پێکردنی مەسیحییەکانە.

لە بەرتللە کشـــانێکی شـــیعەگەری هەیە کەتێیدا ســـەرمایە لەنەجەف و کەربەلاوە دەکشێتە سەر ناوچەکە و خۆی تێدا ســـەقامگیر دەکا. پرۆسەی کڕینی زەوی و باخ و خانوو لە مەسیحییەکان بەڕادەیەك پەرەی سەندووە کەنرخی زەویی چەند بەرابەر زیادی کردووە. زیادبوونی ژمارەی حوسەینییەکان لەناوچەیەکدا کە تا چەند ساڵێك لەمەوبەر هیچ حوسەینیەی تێدا نەبووە، ئاماژەیەکی روونە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی سیستماتیکی گۆڕینی دیموگرافی.

ئەزموونی گۆڕینی دیموگرافی لەعێراق، وەك لەکەرکوك دەبینرێ، کێشـــە و گێچەڵی زۆری بەدواوە هاتووەو لەهەر شـــوێنێك گۆڕینی دیموگرافی بەشێوەیەکی ناسروشـــتی بەڕێوە بچێ، کێشەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. کۆنفرانســـەکەی هەولێر پەیامی تەبایی و ئاشـــتیی پێ بوو. هەموو پێکهاتەیـــەك لەعێراق مافی ئەوەی هەیە بەئاسودەیی، دوور لەهەڕەشەو گوڕەشەی ئایندەیەکی نەخوازراو، لەزێدی خۆی بژی.

پەیامی هەولێر هەمان پەیامی کۆنفرانسەکەیە. نا بۆ گۆڕینی دیموگرافی چ لە بەرتللە و چ لەهەر شوێنێکی ترو هەمووما لەم پەیامەدا دۆستی بەرتللەین.